# با ئەم جارەش کورد دەرفەتێک بە حکومەتەکەی عەبادی بدات



دەیڤید رۆمانۆ
(ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری)

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

لە سەرەتای مانگی ئابی رابردوودا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) بە شێوەیەکی کتوپڕ پەلاماری هەرێمی کوردستانی دا، ئەمە رەوشەکەی بە جۆرێکی دیکە گۆڕی کە تا رادەیەك متمانە بە خۆبوون و گەشبینیی کورد لەق بوو، بۆیە لە سەرەتادا کورد هەستی بە بێکەسی و تەنیایی دەکرد، چونکە کاریگەریی شکستە سەربازییەکان هەموو لایەکی نیگەران کردبوو، ئەوەندەی نەبرد خۆشبەختانە هاوکاری گەیشت، ئەو هاوکارییانەش لەلایەن کوردانی برا لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هەروەها لە دەوڵەتانی جیهانەوە و بەشێکیش لە بەغداوە گەیشتن.

ترس و نیگەرانی لەو کاتەدا زیاتر باڵی بەسەر خەڵکی کوردستاندا کێشا کە هێزەکانی داعش بەرەو هەولێر پێشڕەوییان کرد و لەوەش دڵنیا نەبوون کە هاوکاری دەکرێن یان نا، ئەو حاڵەتەی بەر لە ٧٠ساڵی رابردووی بەبیرهێنانەوە کاتێ جاڕی یەکلایەنەی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە درا و کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا، رووخانی ئەو کۆمارەش بە کاریگەریی سۆڤییەتی ئەو کاتە بوو کە دەستبەرداریی پشتیوانیکردنی ئەو کۆمارە بوو.

بەڵام بە دڵنیاییەوە هەرێمی کوردستانی عێراق(KRG)، کۆماری کوردستان لە مەهاباد نییە، پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە پێشمەرگە ئەدایەکی زۆر باشتریان هەبێت لە دژی ئەوانەی کە دوژمنایەتی دەکەن. هاوکات ئەو وڵاتانەی وەك تورکیا و ئێران و رۆژئاواش کە لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، دەبنە هۆکار بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تێکچوونی شیرازەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئەگەر هەوڵی ئەوەش بدات کە هەنگاو بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵبگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە جیابوونەوە لە عێراق مەترسیی گەورەی لێ دەکەوێتەوە و رەنگە لەمەشدا باجەکەشی بدرێت و رەچاوی هەموو پێوانە و مەترسییەکان بکرێت لە حاڵەتی مانەوە لەگەڵ عێراقدا. دیارە کارێکی سەختە کە هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی پێوانە بکرێت، تاوەکو حکومەتە نوێیەکەی عەبادی لە بەغدا دەرفەتی ئەوەی نەدرێت مەرام و نیازەکانی خۆی پیشان بدات.

رەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووبێت کە کورد لە ژێر فشاری زۆری واشنتۆن و تاراندا، هەڵوێستەکەیان راست و دروست بوو، کاتێ پشتیوانیکردنیان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق راگەیاند، بە



تایبەتیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە (داعش) هێنایانە ئاراوە، ڕەنگە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی تازەی عێراق لەسەر چەند مەسەلەیەك سازش بکات کە نوری مالیکی ئامادە نەبوو سازشیان لە بارەوە بکات، ڕەنگە زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان ببنە بەشێك لە کوردستان، دەکرێت کـــورد بەهرەمەند بن لە مافی دانپێدانراو بۆ بەڕێوەبردن و هەناردەکردنی نەوت و غـــازی خۆیان(بەو مەرجەی داهاتەکەی لەگـــەڵ ناوچەکان دیکەی عێراقدا دابەش بکەن.)

بۆی هەیە هەرێمی کوردستان بەشە بودجەی خۆی - لە بودجەی نیشتمانی- بۆ بگەڕێتەوە، کە ئەو بەشەش لەم کاتـــەدا زۆر لەو داهاتە زیاتـــر دەبێت کە هەرێمی کوردستان(KRG) لە هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی ســـەربەخۆ بەدەســـتی دەهێنێت. بۆی هەیە پێشمەرگە مووچەیـــان لەلایەن بەغداوە بۆ دابیـــن بکرێت. خاڵی کۆتاییـــش، کە ئەمەیان لەوانـــی دیکە کەمتر گرنگ نییە، کورد وەك بەشـــێك لە عێراق مافی ئەوەیان دەبێت داوا لە سوپا و هێزی ئاسمانی عێراق بکەن، پشتیوانییان بـــکات ئەگەر هاتوو دووچاری هەڕەشـــە بوونەوە، وەك ئەوەی لەلایەن دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شـــام (داعش) ڕووبەڕووی بوونەوە (ڕەنگە ئەمە وەك نوکتەیەك دەربکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێ یەکەی باش هەن لە نێو سوپای عێراقدا، کە پڕ چەك و تفاقن).

ئەگەر ئەمانە لەلایەن حکومەتەکەی (عەبادی)یەوە بخرێتـــە بەردەم کوردەوە، ئەو کاتە ئەو خۆحوکمڕانییەی لە عێراقدا هەیانە، دەبێتە خۆحوکمڕانییەکی ڕاستەقینەتر و پارێزراوتـــر. بـــە بەهرەمەندبوون لەم ســـوودانە، ئەوا هۆکارێکـــی کەمتر لە ئارادا دەبێـــت بۆ ئەوەی خۆیان دووچاری مەترسی بکەن و سەرکێشی جیابوونەوە بکەن، لەبەر ئەوەی هەر چییەك لە عێراقدا ڕوودات، ئەوا کورد کۆنترۆڵی داهات و یاساکان و خاکی خۆیان دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشـــدا، ئەگەر لە کۆتاییدا حکومەتەکەی عەبادی هاوشێوەی حکومەتەکانی پێشووی بەغدا بێت و هاووێنەی ئەو حکومەتانە هەڵســـوکەوت بکات، ئەوا هەوڵ و سەرکێشـــییەکانی هەوڵدان بـــۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پاســـاوی زیاتـــری دەبێت. هەروەها دواجار سەرجەم جیهان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە کورد چەندین دەرفەتیان بە عێراق دا، بەڵام هیچیان سوودیان نەبوو. لە ســـایەی هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا، ئەوا دەوڵەتی ســـەربەخۆی کوردی زۆر ئاســـانتر دانی پێدا دەنرێت.

**ئەگەر لە کۆتاییدا حکومەتەکەی عەبادی هاوشێوەی حکومەتەکانی پێشووی بەغدا بێت و هاووێنەی ئەو حکومەتانە هەڵسوکەوت بکات، ئەوا هەوڵ و سەرکێشییەکانی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پاساوی زیاتری دەبێت**



د. فوئاد حوسێن

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەڕە و بە وردی چاودێری هەموو بەرەکان دەکات و بەرنامە بۆ رزگارکردنی هەموو ناوچەکانی کوردستان دادەڕێژێت

**بارودۆخی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش پێدەنێتە قۆناخێکی دیکە، بەرەی شەڕی کوردستان فراوان بووە و ئێستا مەترسییەکی گەورە لە سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەگشتی و کۆبانێ بە تایبەتی هەیە، هەروەها لە چوارچێوەی ئەم شەڕەدا زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو ئاوارە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە و ئەم ڕێژەیەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە و گرفت و کێشەی تایبەت بە خۆیشی هەیە، لەبەرامبەردا دەرکەوت کە شەڕی داعش ئەو شەڕەیە لە سەر زەوی یەکلایی دەکرێتەوە و بەتەنها بە هێرشی ئاسمانی حەسم ناکرێت، لەم شەڕەشدا هێزی کاریگەر لەسەر زەوی هێزی کوردستان و هێزی پێشمەرگەیە، بۆیە گرنگە هاوپەیمانان لە خەمی ئەوەدابن کە لەسەر ئاستی هاوکاریی سەربازی و مرۆیی یارمەتییەکانیان بەو ئاراستەیە بێت کە هاوسەنگی هێز بۆ هەرێمی کوردستان بشکێتەوە، لەهەمانکاتدا لەگەڵ ئەوەی حکومەتی تازەی عێراق بە سەرۆکایەتی د. حەیدەر عەبادی ماوەی زیاتر لە یەك مانگە ڕاگەیەنراوە، بەڵام هێشتا وەزیرە کوردەکان سوێندی یاساییان نەخواردووەو کێشەی ناردنی بودجەش چارەسەر نەکراوە، بۆ قسەکردن لە سەر ئەم پرسانە، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ د.فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەم بارودۆخەدا کە هاوپەیمانان هێرشی ئاسمانی دەکەنە سەر داعش، بەڵام داعش هەر لە پێشڕەوی بەردەوامە، ئایا لە ئێستادا چۆن سەیری ئەم شەڕە دەکەن؟**

- تیرۆریستانی داعش لە پێناوی ئەوە شەڕ دەکەن کە کوردستان داگیر بکەن و ئەو ئەزموونە دیموکراتییەی هەرێمی کوردستان لەناو بەرن، هەربۆیە شەڕەکە بە چەندین شێوە پیادە دەکەن، شێوەیەکیان شەڕی تەقلیدییە کە هەموو جۆرە چەکێکی بەردەستیان بەکار دەهێنن، شێوەیەکی دیکەی ترس و تۆقاندنە کە من ناوی دەنێم ستراتیژیەتی تۆقاندن، بۆیە پیش ئەوەی هێرش بکەنە سەر هەر شوێنێك، سەرەتا هەوڵدەدەن پڕوپاگەندەیەکی ترس و تۆقاندن لەو ناوچەیەی مەبەستیانە بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەمەش هەموو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بۆ بڵاوکردنەوەی بەکار دەهێنن، بەوەش شەڕێکی فیکری دەکەن. داعشییەکان دژی خاکی کوردستان و دژی فەرهەنگی کوردستانن، ئەوان کوردستان بە خاکێکی دەوڵەمەند دەزانن و دەیانەوێت داگیری بکەن، هەروەها دەشزانن گەلی کوردستان دوورن لە بیروڕای ئەوان، بۆیە ئەمە شەڕێکی هەمەلایەنەیان لەگەڵ دەکەن، بۆیە بەرەکانی شەڕەکەش پێویستە هەمەجۆر بن، چۆن پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ بە چەك شەڕ دەکەن، دەبێت لە ڕاگەیاندنەکانیش شەڕی فیکری ئەم تاقمە تیرۆریستییە بکرێت، هەروەها بە ڕێگەی تۆڕەکانی سۆشیال میدیاش دەبێ ئەو شەڕە بکرێت. ئەمە شەڕێکی ئایدیۆلۆژیشە، شەڕی تەقلیدی گۆڕەپانەکەی ئاشکرا و دیارە، بەڵام شەڕی ئایدیۆلۆژی شوێنەکەی دیار نییە، لە سەرەتای شەڕەکە دەستپێشخەریی هێرش لە دەستی داعشدا بوو، بەڵام دواتر ئەم هاوکێشەیە گۆڕدراو دەستپێشخەری و چۆنییەتی خۆئامادەکردن بۆ شەڕ کەوتۆتە دەستی هەرێمی کوردستان، ئەوان سەرەتا بیریان لە هەولێر دەکردەوە، ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرش دەکاتە سەریان، هەر بۆیە باڵانسی هێز لەم شەڕەدا بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان گۆڕدراوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە هێشتا شەڕەکە کۆتایی هاتبێت، لەبەر ئەوەی داعش بەناو ڕێکخراوێکی تیرۆریستین، بەڵام ئەو ئیمکانیاتەی لە بەردەستیانە، ئیمکانیاتی دەوڵەتێکی گەورەیە، ئەوان نزیکەی سێیەکی خاکی عێراق و ٣٠٪ی خاکی سووریایان لەبەر دەستە، ئەمەش واتە نزیکەی ٢٥٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیان لە عێراق و سووریا داگیر کردووە، زیاتر لە ١٠-١٢ ملیۆن خەڵك لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی ئەواندایە، هەروەها داعشییەکان ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی نێودەوڵەتین و تیرۆریستەکانیان لە خەڵکانی ٣٠ تا ٤٠ دەوڵەت پێکهاتوون، بۆیە ئەم شەڕە شەڕێکی جیهانییە و جیهانیش هاتووە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان دەکەن. ڕاستە ئەم واقیعە لایەنێکی تاڵە، بەڵام لایەنێکی گەشبینیشی تێدایە کە دەبێتە ئومێد بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئەم واقیعە مامەڵە دەکات.

*** دیارە وەك ئاماژەتان پێکرد ئەم شەڕە درێژخایەنە، ئایا تاچەند ئومێدی ئەوە هەیە هەرێمی کوردستان لەم شەڕە درێژخایەنە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- ئەم شەڕە وەك جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکردووە، شەڕی مان و نەمانە، بۆیە کورد بێجگە لە سەرکەوتن هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە ئامانجی ئەوەیە کوردستان داگیر بکات، هەتا ئەم تیرۆریستانەش دراوسێمان بن، ئەم هەڕەشەیە هەر دەمێنێت، بۆیە دەبێت داعش لەناو بچێت، بەڵام لەناوچوونەکەیان ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی هەموو لایەك دەزانین ئەوانیش ئیمکانییەت و خەڵکی خۆیان و پشتگیریشیان هەیە، بۆیە بە هەموو مەزندەکان ئەم شەڕە درێژخایەن دەبێت. بەڵام هیوای ئێمە ئەوەیە بتوانین شەڕەکە کورت بکەینەوە، دەبێت مەزندەی ئەوەش بکرێت کە ئەم شەڕە درێژخایەن بێت بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوە.

*** دیارە ئەم شەڕەی پێشمەرگە دەیکات، شەڕێکە پێشمەرگە لە بری هەموو جیهان دەیکات، ڕاستە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دروست بووە، بەڵام ئایا تاچەند پشتگیریی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ پێشمەرگە لە ئاستی ئەم شەڕە جیهانییەدایە؟**

**زۆربەی ئەو بیانییانەی دێن بۆ سەردانی سەرۆک من دەیانبینم و پێیان دەڵێم جەنابی سەرۆک چووە بۆ بەرەکانی شەڕ و ئێستا ئەو پێشمەرگەیە. بەڵام جەنابی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و کاری دیکەشی زۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا پلانی سەربازیی تەواو بۆ سەرکەوتن مسۆگەر نەکات، لە بەرەکانی شەڕ ناگەڕێتەوە**

**نەک هەر شنگال، بەڵکو هەموو کوردستان لە تیرۆریستان پاکدەکرێتەوە و ئەمەش ئامانجی (سەرۆک بارزانی)یە**

**لە پەیوەندی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆک بارزانی هەموو باسەکان باسی مەسەلەی کۆبانێ بووە، بۆ ئەوەی ئەوەی لەدەست دێت بۆ کۆبانێ بکرێت**

**ئەمریکییەکان لەسەر مەسەلەی کۆبانێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەردەوام لەسەر خەتن**

- دیارە لەسەر ئاستی شەڕی زەمینی ئەوە کوردە ئەو شەڕە دەکات و بێجگە لە کورد کەسێکی دیکە نییە لەسەر زەوی ئەو شەڕە بکات، بەڵام جیهان کە بینی کورد کەوتە مەترسییەوە لە ئاسمانەوە بەشداری ئەم شەڕەیان کرد، واتە بە گورزوەشاندن بە ڕێگەی فڕۆکە جەنگییەکان، دواتریش یارمەتی لۆجیستیشان هەندێك نارد، بە بڕوای ئێمە ئەم هاریکارییانە سەرەتایین، بۆ ئەوەی ئەم شەڕە حەسم بکرێت و یەکلایی بکرێتەوە، پێویستە هاوکاری زیاتری پێشمەرگە بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی، یان دەبێت لەشکری خۆیان بنێرن، یان دەبێت چەکی قورسی پێشکەوتووتر بە پێشمەرگە بدەن و هاوکاری لوجیستیش دەبێت بەردەوام بێت، ئەگەرنا ئەو هاریکارییانەی تا ئێستا هاتوون لە ئاستی قەوارەی ئەم شەڕەدا نین کە پێشمەرگە دەیکات، هەروەها دەبێت هەرێمی کوردستان هاوکاری مرۆییش بکرێت، هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو ئاوارەی لێیە، بەڵام لە بەغداوە وەك پێویست هاوکاری نەهاتووە، ئێمە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پێویستە قەوارەی هاوکاریی سەربازی و مرۆیی زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی هەم بەرەکانی شەڕ لە بەرژەوەندی پێشمەرگە بێت و هەمیش بتوانین کێشەی ئەو خەڵکەی ئاوارە بوون، چارەسەری بکەین.

*** تاچەند دەوڵەتانی هاوپەیمان بە دەنگ داواکانتانەوە هاتوون، بۆ ئەوەی ڕێژەی هاوکاریکردنیان لە هەردوو بواری سەربازی و مرۆیی زیاتر بکەن؟**

- دیارە دەوڵەتانی ئەوروپی و دەوڵەتانی دیکەی هاوپەیمانیش لە رووی لەشکرییەوە هاوکاری سەربازییان کردووین، بەڵام ئەم هاوکارییە دەشێت سوودێکی باشی هەبێت بۆ ئەنجامدانی هێرشێك، یان ڕاگرتنی داعش لە هەندێك ناوچە، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی زیاتری شەڕەکە و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی داعش، ئەوا چەکی پێشکەوتووتری زیاترمان پێویست دەبێت، بۆ نموونە تانك و زرێپۆش و چەکی دژە تانك و فڕۆکەی هەلیکۆپتەر. ئێمە داوای ئەم چەکانەمان کردووە، بەڵام دەوڵەتانی هاوپەیمانان کەی ئەو بڕیارە دەدەن، جارێك دیار نییە، بەڵام هەر بەردەوام دەبین لەسەر داواکردنیان، سەبارەت بە هاریکاری مرۆییش دیارە کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هاتوونەتە کوردستان، هەروەها دەوڵەتانی هاوپەیمانیش هەندێك پارەیان تەرخان کردووە و بە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری ئاوارەکان دەکەن، بەڵام ئەو هاریکارییانەش لە ئاستی ئەو هەموو ئاوارەیە نییە، بۆیە هەم دەبێت قەوارەکەی زیاتر بکرێت، هەمیش دەکرێت بەردەوام بێت. زیاد لەمەش دەبێت حکومەتی عێراقی بە تەواوەتی شان بداتە بەر ئەرکی خۆی و بە ئاستی قەوارەی کارەساتەکە بێتە پێشەوە و هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات.

*** لە ئێستادا کارەساتێکی گەورەش بەسەر کۆبانێ هاتووە، بەپێی زانیاری ئێوە ئێستا بارودۆخی ئەوێ چۆنە و ئێوە چۆن سەیری ڕەوشی کۆبانێ دەکەن؟**

- ئەو زانیارییانەی لای ئێمەن بەشێکیان لە میدیاکان بڵاو بۆتەوە و بەشێکیش سەرچاوەکەی پەیوەندیکرنی خۆمانە، وەك بەرگری دیارە بەرگرییەکی توند لە کۆبانێ هەیە و ئەم بەرگرییەش ئەوە پیشان دەدات کە کورد ئامادەیە تا دواهەناسە بەرگری لە خاکی خۆی بکات و هەموو ئەو مرۆڤدۆستانەش کە لەسەر ئاستی جیهان چاودێریی بارودۆخەکە دەکەن، شانازی پێوە دەکەن، بەڵام وێڕای ئەم بەرگرییەش دەبینین چەکدارانی داعش لەبەر ئەوەی چەکیان زۆرە و پشتگیرییان هەیە و دەتوانن چەك و هێز و زەخیرە بگەیەننە چەکدارەکانیان توانیویانە پێشڕەوی بکەن و هاوسەنگی هێز خەلەلی تێکەتووە و لە بەرژەوەندی چەتەکانی داعش بووە و توانیویانە بگەنە بەشێك لە نێو شاری کۆبانێ، کێشەی هێزە کوردییەکان لە کۆبانێ جوگرافیاکەیە، کۆبانێ لە سێ لاوە لەلایەن داعشەوە گەمارۆ دراوە، تەنها یەك لای هەیە، ئەویش تورکیایە، دیارە وەك دەبینین تورکیاش هاوکارییان ناکات و تەنها فڕۆکەکانی ئەمریکا هێرشی ئاسمانی بۆ سەر کۆبانێ دەکەن، بۆیە بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار بووە. لەبەر ئەوەی لەوێ حەسمکردنی شەڕەکە لەسەر ئەرز دەکرێت و لەسەر ئەرزیش هاوسەنگیی هێز بەلای داعشدا شکاوەتەوە. لەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی چەتەکانی داعش گەیشتوونەتە ناوشار و هێزەکانیان لەگەڵ هێزەکانی کورد زۆر لێك نزیکن، ئەمەش کێشەیەکی بۆ هێرشە ئاسمانییەکان دروستکردووە، بۆیە هێرشەکان دەتوانرێت زیاتر بۆ دەوروبەری کۆبانێ بەردەوام بێت. لە چەند ڕۆژی داهاتووش دەردەکەوێت پرسی کۆبانێ بەرەو کوێ دەچێت، ئەگەر تورکیا هاوکاریی سەربازی و مرۆیی کۆبانێ بکات، ئەوا جارێکی دیکە هاوسەنگیی هێز بەلای کوردا دەشکێتەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئێستای سوور بێت، ئەوا بارودۆخەکە مەترسیدارتر دەبێت.

*** هاوپەیمانان لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی تورکیا بەرامبەر کۆبانێ نیگەرانن، ئایا تاچەند هەوڵەکان چڕدەکرێنەوە بۆ ئەوەی تورکیا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت؟**

- دەبێت هەوڵەکان لەم یەك دوو ڕۆژە ئاکامێکی هەبێت، لەبەر ئەوەی شەڕی کۆبانێ شەڕێکی زۆر قورسە، لە پەیوەندی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆك بارزانی هەموو باسەکان باسی مەسەلەی کۆبانێ بووە، بۆ ئەوەی ئەوەی لەدەست دێت بۆ کۆبانێ بکرێت، هەروەها هێندەی من ئاگادارم ئەمریکییەکان لەسەر مەسەلەی کۆبانێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەردەوام لەسەر خەتن.

*** کاتێك ئەم قسانەتان لەگەڵ دەکەین، جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕە و خۆی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕ لە دهۆك دەکات، ئایا تاچەند سەرۆك بارزانی لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێندرێت؟**

- دیارە ئاگادارن ئەمڕۆ (شەممە) من ئێوارە گەڕاومەتەوە بۆ هەولێر و لە خزمەتی جەنابی سەرۆك بووم، کە خۆی بە شەخسی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕەکە دەکات، زۆر بە وردی

بەدواداچوون لە سەر تەواوی میحوەرەکانی شەڕەکە دەکات. بە وردی بیر لە دانانی پلان و نەخشەی سەربازی بۆ مەیدانی شەڕەکە دەکاتەوە، زۆربەی ئەو بیانییانەی دێن بۆ سەردانی سەرۆك من دەیانبینم و پێیان دەڵێم جەنابی سەرۆك چووە بۆ بەرەکانی شەڕ و ئێستا ئەو پێشمەرگەیە. بەڵام جەنابی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و کاری دیکەشی زۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا پلانی سەربازیی تەواو بۆ سەرکەوتن مسۆگەر نەکات، لە بەرەکانی شەڕ ناگەڕێتەوە.

*** ئێستا کە سەیری ئەو میحوەرە دەکەین کە سەرۆك بارزانی لێیە، سەرکەوتنەکانی ئازادکردنی ڕەبیعە و زومار هەیە، ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە ئازادکرنی شنگال نزیکە؟**

- لەو شەڕانەی ئەم دواییە سەرکەوتنی هێجگار گەورە تۆمار کراوە، بەڵام بەداخەوە لە رووی ڕاگەیاندنەوە بە قەوارەی سەرکەوتنەکە رووماڵ نەکراوە، هەر ناوچەیەك، یان هەر شارێك ئازاد بکرێت، هەمووی خاکی کوردستانە و گرنگە، من ئاگاداری ئەوە نیم شنگال کەی ئازاد دەکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئازادکردنی شنگال یەکێکە لە ئامانجە هەرە گرنگەکان، ئەوەی من ئاگادارم ئەو ناوچانە پاکدەکرێنەوە کە لە دەوروبەری شنگالن، دیارە ڕەبیعەش زۆر لە شنگال دوور نییە، هەروەها دەوروبەری زوماریش لە تیرۆریستانی داعش پاکدەکرێتەوە، بەڵام سەرەنجام نەك هەر شنگال، بەڵکو هەموو کوردستان لە تیرۆریستان پاکدەکرێتەوە و ئەمەش ئامانجی (سەرۆك بارزانی )یە.

*** جەنابی سەرۆك بارزانی دەڵێ: بەر لە سەربەخۆیی دەبێ ئەم شەڕە بکەین، ئایا سەرکەوتن لەم شەڕە چیمان پێدەبەخشێت؟**

- سەرکەوتن لەم شەڕە بە ڕاددەیەکی زۆر واتە سەرکەوتن بەسەر ئەوانەی دژی ژیان و هەموو ئایینەکانن، بۆیە سەرکەوتنی کوردستان لەم شەڕە واتە سەرکەوتنی جیهان بە گشتی بە سەر تیرۆریستان و بەمەش بۆ جیهان دەیسەلمێنین کە هەرێمی کوردستان دژی ئەوانەیە کە دژی بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتین و خەڵکی ئێمەش هێمای تەبایی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانن کە ناحەزانن دەیانەوێ لە ناوی بەرن، سەرکەوتنی کوردستان واتە سەرکەوتنی مەبدەئەکانی ژیان و مرۆڤایەتی، بەپێچەوانەوە شکستی داعش، واتە شکستی تاریکی و دواکەتوویی بەرامبەر بە ئاشتی و مرۆڤدۆستی، هەروەها سەرکەوتنی کوردستان ئاماژەیەکی گرنگی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە داعش دنیای هەموو ترساندووە و لە هەر شوێنێك شەڕ بکات، سەرکەوتوو بووە، تەنیا لە کوردستان دەشکێ، بیروبڕوای پتەوی ئێمە ئەوەیە سەردەکەوین، ئەم شەڕە هەرچەندە بەرفراوان و درێژخایەن بێت، بەڵام بە هیممەتی سەرکردایەتی و پێشمەرگە و دۆستانی خۆمان سەردەکەوین.

*** دوای دامەزراندنی حکومەتەکەی عەبادی و بڕیاری کورد بە بەشداریکردن لەو حکومەتە، ئەوا ٣٠ ڕۆژ تێپەڕی، کەچی هیچمان لەو حکومەتە بۆ کورد نەبینی، پێتانوایە ئومێدی ئەوە هەیە کێشەکان چارەسەربکرێن؟**

- بڕیاری بەشداریکردن لەو حکومەتە بە ڕەزامەندیی هەموو هێزە سیاسییەکان بوو کە لە کۆبوونەوەی سلێمانی ئەو بڕیارە درا، بەڵام کێشەیەك هەیە، تایبەت بە دابەشکردنی وەزارەتەکان لەنێو خۆماندا، پێش جەژن بەتەما بوون بچنە بەغدا، بەڵام بەم نزیکانە دەچن و پێویستە بچنە پەرلەمان و دەنگیان لەسەر بدرێت، خاڵێکی دیکە بریتییە لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەیسە، کێشەی هەنووکەیی هەیە، کێشەی بودجە گرنگە و بەڕێز دکتۆر ڕۆژ لە بەغدا چەند جارێك لەگەڵ عەبادی قسەی کردووە، منیش لە نیویۆرك کە عەبادی لەوێ بوو، قسەم لەگەڵ کردووە، ئەو گلەیی هەبوو، دەیگوت با وەزیری دارایی بێت قسەی لەگەڵ بکەم، چونکە پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، باسی ئەوەشی دەکرد کە ڕەوشی دارایی عێراق باش نییە، دوو شت هەیە پەیوەستە بە بودجە، یەکەم بەردەوامبوونی بودجە بۆ مانگەکانی داهاتوو، دووەم قەرزەکانی هەشت مانگی ڕابردووەو کە بودجە بۆ هەرێم نەهاتووە، کە ئەمە پێویستی بە دانوستاندن هەیە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو بودجەیەی کە بۆ کوردستان دێت مانگانە دێت، ئەمە زۆر کێشەی لەسەر نابێت، بەڵام گرفتەکە لە قەرزەکەیە کە گەیشتۆتە ٨ ملیار دۆلار، ئەمە دەبێتە بابەتی پرسیار و وەڵام لە میانی گفتوگۆکردندا، بەڵام مەسەلەی بەردەوامبوونی بودجە تا ئێمە بەشدار بین لە حکومەت بە بۆچوونی من ئەوەیان کێشە نییە، بەڵام کێشەی دیکە هەیە وەك ماددەی ١٤٠ و پێشمەرگە، سەبارەت بە پێشمەرگە لای هەموو دنیای دەرەوە دیارە کە هێزێکە توانیویەتی بەرامبەر دوژمن بوەستێ و هیچ حکومەتێکیش لە عێراق ناتوانێ ڕێزی پێشمەرگە نەگرێ و حیسابی بۆ نەکات، بەڵام بودجەی پێشمەرگە چۆن دەدرێت ئەوەش پرسیارێکە.

*** دوا پرسیار ئەوەیە وەك چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژی سێشەممە وەزیرانی کورد بەشداریی لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەکەن، کورد ٩٠ ڕۆژی دانا بۆ دەرفەتدان بە حکومەتەکەی عەبادی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە بەغدا، نیوەی ئەو ماوەیەش ڕۆیشتووە، کوردیش دەگەڕێتەوە بەغدا، هیچ گەرەنتییەك هەیە بەغدا چارەسەری کێشەکانی کورد بکات؟**

- من بڕوا ناکەم وەزیرەکانی کورد سێ شەممە بچنە بەغدا، چونکە تا پەرلەمانی عێراق دەنگیان پێ نەدەن، ئەوان بەشداری ناکەن، سەبارەت بە کاتەکە مەرج نییە، چونکە پێویستی بە ڕێککەوتنی مەبدەئی هەیە، ئەگەر گەیشتینە ئەو ڕێککەوتنە ئەوکاتە چوارچێوەیەکی کاتی بۆ دادەنرێت، چونکە چارەسەری کێشەکان ماوەی پێویستە، بۆ نموونە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتی نەوت لە بەغدا، هەروەها بۆ ماددەی ١٤٠یش تا چەند لە ماوەیەکدا دەتوانین بگەینە ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردن، ئەوانە لە پرسە گرنگەکان دەبن.

**دەبێت حکومەتی عێراقی بە تەواوەتی شان بداتە بەر ئەرکی خۆی و بە ئاستی قەوارەی کارەساتەکە بێتە پێشەوە و هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات**

**داعشییەکان ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی نێودەوڵەتین و تیرۆریستەکانیان لە خەڵکانی ٣٠ تا٤٠ دەوڵەت پێکهاتوون، بۆیە ئەم شەڕە شەڕێکی جیهانییە و جیهانیش هاتووە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان دەکەن**


# شەڕی داعش، ستاتۆی ئاڕای ناوچەکە تێکدەدات؟



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

راستە ئەو شەڕەی ئێستا لەسەر بەشێکی خاکی عێراق و سووریا بەڕێوە دەچێ، بەڵام چەندین وڵات بە کردەوە بەشداریی تێدا دەکەن و لە بەرەکەی تریشدا داعشە کە ڕێکخراوێکی توندڕۆ و تیرۆریستی جیهانییە نەک دەوڵەت، بەڵام ڕووبەرێکی فرەوانی لەبندەستە و هەوڵی بەرفرەوانکردنیشی دەدات (شەڕی ئێستەی کۆبانێ) و بە دوور نازانرێ داعش لە جێگەو وڵاتی دیکەشدا جەبهەی شەڕ بکاتەوە یان گرووپی دیکەی بەناو ئیسلامی موبایەعەی پێ بکەن وەک لەمەوبەر دیتمان.. بەو مانایە، هێشتا ئەو بەشەی ستراتیژیای ئەمریکا کە سەرکردایەتی هاوپەیمانێتی دژی تیرۆر دەکا، تەواو سەرکەوتوو نەبووە. پرسیار ئەوەیە: داخوا ستراتیژیای ئەمریکا لەو شەڕە روونە؟ داخوا تێکشکاندنی داعش لەسەر زەوینەی واقیع چی لێ دەکەوێتەوە و کێ لێی سوودمەند دەبێ، ئاخر لە هەموو شەڕێکی جیهانیدا دەسکاری نەخشە و ناوچە نفووزەکان کراوە، ئەو ناوچەیە چی بەسەر دێت؟ داخوا تەوەربەندیی ناوچەکە (شیعی- سوننی) چی لێ دێتەوە؟ ئەو شەڕە بە زەرەری کامە تەوەر تەواو دەبێت؟ تورکیا و ئێران لە کوێی ئەم پرسیارانەدان؟


KURDISH
REGION
Mosul
Irbil
Mt. Sinjar
Kirkuk
Baghdad
ISIS CONTROLLED
Cities & towns

**کۆبانێ هاوسۆزییەکی گەورەی لەگەڵدا دروست بووە و یەپەگە بۆتە هێمایەکی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە پاڵ مەترسیی دەسپێکردنەوەی شەڕ لە تورکیا و ئاڵۆزبوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و مایەی خۆتێکردنی ئێران و رووسیا لە ناوچەکەدا**

**بەقسەی راپۆرتێک کە کار لەسەر شیکردنەوەی ئەو چەک و تفاقانەی شەڕ دەکات کە لە داعش گیراوە، هەندێ لەو چەک و تفاقانە، دروستکراوی ئێران بوون**

### ● داعش وەك گروپێکی جیهادی و تەکفیریی جیهانیی بە ناوەڕۆك «عروبەوی» بە تەنیا نییە!

کوردستانی باشوور لە دوای داگیرکردنی موسڵ لە ٦/١٠ـەوە، شەڕی داعش بەر دەرکەی پێگرت، لە دوای ٨/٣یشەوە ئەو شەڕە چووە قۆناخێکی دیکەوە، چونکە چەندین دەڤەر و ناوچەی کوردستان کەوتنە بندەست داعش. کۆمیونیتەی کوردی ئێزدی کەوتنە بەر شالاوی قڕکردن و سەروماڵ بەتاڵان بردن و ئاوارە بوون. بە ئاستێکی کەمتر، خەڵکی (مەسیحی و شەبەك و کاکەیی)یش دوچاری ئەو شالاوە هاتن و لەسەر جێ و رێی خۆیان دەربەدەر بوون. ئەو تراژیدیایە ویژدانی زیندووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بزواندو زوو هاتنە سەرخەت و کەوتنە هاوکاری ماددی و مەعنەویی کوردان. ئیدی شەڕی تیرۆر، رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرت، بەو پێیەی خەتەرە بۆ سەر ئاشتی و تەناهیی جیهان. تەرەفەکەی دیکەی شەڕ، وەك دەزانین داعشە کە گروپێکی سەلەفی جیهادیی توندڕۆ و تەکفیریی جیهانیی بە ناوەڕۆك «عروبەوی»یە بەتەنیا نییە، بەڵکە بەپێی راپۆرتە هەواڵەکان و مەنتیقیش بێ، داعش دەستگرۆیی و ئاسانکاریی لۆجیستی لەم وڵات و ئەو وڵاتی بۆ کراوە و دەکرێ.

### ● ستراتیژیای بەرەنگاربوونەوەی نێودەوڵەتیی تیرۆر

پلان و نەخشەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەگەر بەشە گرنگ و سەرەکییەکەی بریتی بێت لە:

١. تێسرەواندنی زەبری گورجبڕی ئاسمانی بێ لە پێگەی داعشییەکان.

٢. هاوکاریی ئەو هێزانە بێ کە لەسەر عەرد رووبەڕووی داعشییەکان دەبنەوە.

ئەوا بەشەکەی دیکەی ئەو پلان و نەخشەیە بریتی دەبێت لە:

١. وشکردنی چاوگەکانی داعش لە رووی داهات.

٢. رێگرتن لە گەیشتنی چەك و تفاق بە داعش.

٣. رێگرتن لە «تجنید»ی زێتری خەڵکی دیکەی ئەم وڵات و ئەو وڵات بۆ ناو رێزەکانی ئەو رێکخراوە.

٤. هاریکاریکردن لە بواری زانیاریی ئیستخباراتی.

٥- هاریکاریی ئینسانی ئەو کۆچبەر و ئاوارە مەدەنییانەیە کە لە ئاکامی ئەو شەڕەدا پەرت و بڵاوبوون. ئەو دوو بەشە، تەواوکەری یەکترن.

ئەگەر سەیری هەردوو بەشەکەی ئەو ستراتیژ و پلانە بکرێ، ناکرێ بڵێین سەرکەوتووانە بەڕێوە چوون. راستە زەبری هەوایی تا رادەیەك کاریگەریی لەسەر جوڵەو بزاڤی داعش داناوە، بەڵام «سنووردارە»و لە پەلوپۆی نەخستوون. هێشتا ئەو رێکخراوە لێرەو لەوێ، وێڕای ئەوەی کە هەندێ ناوچەی لە بندەست دەرهێنراوە، توانای مانۆڕ و دژە هێرشی ماوە ( لە بەرەکانی شەڕی کوردستان، دیالە، بەغدا، سەلاحەددین و ئەنبار).

پرسیار ئەوەیە، داخوا بەتەنیا پەلاماری ئاسمانیی بۆ سەر پێگەو بنکەکانی داعش لە لایەن هاوپەیمانان و پێدانی چەك و تفاق بە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق و راهێنانەوەیان، داعشیان پێ تێکوپێك دەشکێندرێ؟ یان دەبێ هێزی زەمینیی هاوپەیمانانیش بەشداریی ئەو شەڕە بکات؟

وەك دەزاندرێ داعش بە تەنیا گروپێکی گچکەی جیهادیی توندڕۆی سوننەگەرا نییە و زێتر لە ٥٠٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی لە عێراق و سووریا لەبندەستە کە خەڵکەکەی بەشی هەرە زۆریان عەرەبی سوننە مەزەبن و داعش سوودی لە هێزو بڕست و شنگ و توانای مرۆیی ئەوان وەرگرتووەو وەردەگرێ. ئەگەر بڕیار بێ، حکومەتەکەی عەبادی «حەرەس وەتەنی» بۆ پارێزگاکان دابنێ و سەرکردە بەناو «میانڕۆکان»ی سوننەش پشتەوانی لێ بکەن، بەڵام ئەوە چۆن و کەی دەکرێ، ئەگەر لەناو سوننەکانیشدا جۆرێ لە ناڕازیبوون لە رەفتاری داعشییەکان پەیدا بووبێ، ئەوا ئەو ناڕازیبوونە لە سەرەتادایە و وا زوو شتی لەسەر بینا ناکرێ.

لەم سۆنگەیەوە ئەگەر لە هەندێ بەرەشدا بە زەبری هێز پاشەکشە بە داعشەکان بکرێ، ئەوا ئەو پاشەکشەیە هێواش و لەسەرخۆ دەبێ، رەنگە بە حوکمی چەندین فاکتەر، پاشەکشەپێکردنی داعش لەو ناوچەو دەڤەرانەی کە لە رووی جیوگرافی و مێژووییەوە بە بەشێکی کوردستانی باشوور حیساب دەکرێن، خێراتر بێت لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق. کەواتە ئەگەر لە رووی مەیدانییەوە، کار بەم شێوەیە بڕوا، ئەو شەڕە درێژە دەکێشێت. بۆیە دەبینین ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە، قەناعەت بە تورکیای ئەردۆگان بهێنێ، لەو مەیداندارییە بەشداری پێ بکات.

بەشەکەی دیکەی نەخشەو پلانی هاوپەیمانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و تێکوپێکشکاندنیان، وەك وتمان بریتییە لە وشکردنی سەرچاوەکانی داهاتی داعش، رێگەگرتن لە گەیشتنی چەك و تفاقی شەڕ بە داعش، رێگەگرتن لەو کەسانەی داعش کە لەم وڵات و ئەو وڵاتی جیهان «تەجنید»ی کردوون، کە

پێوەنــدی پێوە بکەن، یان هەندێکیان لێ بگەڕێنەوە ئەو وڵاتانــەی لێی هاتوون، هــەروا ئاڵوگۆڕی زانیاریی ئیستخباراتی.

دیارە ئەم بەشەی ســتراتیژیای هاوپەیمانان پێویستی بە هــاوکاری و کۆمەکی وڵاتانی وەك (تورکیا، ئێران، لبنان، ئەردەن، ســعودیە، کوێت، قەتــەر و ئیمارات و تەنانەت رژێمەکەی ئەســەد)یش هەیە و هێشــتا دوو جەمســەری دیکەی بەهێزی نێودەوڵەتیش (رووســیا و چین) جێگەیان لەو شــەڕەدا دیــار نییە و نازانرێ چ مەرجێکیان بۆ بەشــداریکردن لەو هاوپەیمانێتییەدا هەیە.

هەر یەك لەم وڵاتانە، پێشــتر و هەندێکیان ئێستەشی پێوە بێت، دەســتیان هەبووەو هەیــە لە بەهێزکردنی ئەو گروپە توندڕەوە ئیسلامییانە (داعش، جەبهەی نەسرە، بەرەی ئیســلامی و....) و هەر لایەنەش بۆ بەرژەوەند و مەرامی خۆی ئاراســتەیەکی ناو ئــەو گروپانەی بەکارهێناوە. هێشتا ئەو وڵاتانە ساغ نەبوونەتەوە لەسەر چۆنیەتی بەشداریکردن و جۆری هاوکاریکردن و رەنگە هەر ســاغیش نەبنەوە.. راســتە ئەو شەڕە، شەڕێکی نێودەوڵەتی نییە بە مانا کلاســیکییەکەی، واتە شەڕی نێــوان دوو دەوڵــەت یان زێتــر، internationalized armed conflict.

راســتە ئەو شــەڕە لەسەر بەشــێکی خاکی عێراق و ســووریا بەڕێوەدەچێ، بــەڵام چەندین وڵات بە کردەوە بەشــداریی تێدا دەکەن و لە بەرەکەی دیکەشدا داعشە کە رێکخراوێکی توندڕۆ و تیرۆریســتی جیهانییە نەك دەوڵەت، بەڵام رووبەرێکی فرەوانی لە بندەستە و هەوڵی بەرفرەوانکردنیشــی دەدات (شەڕی ئێستەی کۆبانێ) و بە دوور نازانرێ داعش لە جێگە و وڵاتی دیکەشــدا جەبهەی شــەڕ بکاتــەوە، یان گروپــی دیکەی بەناو ئیسلامی موبایەعەی پێ بکەن وەك لەمەوبەر دیتمان... بەو مانایە، هێشتا ئەو بەشەی ستراتیژیای ئەمریکا کە ســەرکردایەتی هاوپەیمانێتی دژی تیرۆر دەکا، تەواو سەرکەوتوو نەبووە. پرســیار ئەوەیە: داخوا ستراتیژیای ئەمریکا لەو شــەڕە روونە؟ داخوا تێکشکاندنی داعش لەســەر زەوینەی واقیع چی لێ دەکەوێتەوە و کێ لێی ســوودمەند دەبێ، ئاخر لە هەموو شەڕێکی جیهانیدا، دەسکاری نەخشە و ناوچە نفووزەکان کراوە، ئەو ناوچەیە چی بەسەر دێت؟ داخوا تەوەربەندیی ناوچەکە (شیعی-ســوننی) چی لێ دێتەوە؟ ئەو شەڕە بە زەرەری کامە تەوەر تــەواو دەبێــت؟ تورکیا و ئێران لــە کوێی ئەم پرسیارانەدان؟

**● تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکا لە کوێی هاوکێشەکاندایە**

بەگوێرەی راپۆرتە هەواڵەکان بێ، بەشێکی داعشەکان لە رێگەی تورکیاوە، چوونەتە ناو ســووریا، یان گوایا بەدزی بنکەو ئۆفیســیان لە ئەستەنبۆڵ هەبووە، یان گوایا ماوەیەك مەشقیان لە غازی عەنتاب پێ کراوە و چەك و تفاق و پارەو پوڵیان لە رێی تورکیاوە بۆ هاتووە، یان بەقاچاخ نەوتیان بە تورکیا فرۆشتووە...

وەك دەزانیــن ٤٩ کارمەنــدو دیپلۆماتــی تورکی لە ٦/١٠دا لە موســڵ کەوتنە بندەستی داعش و پاشان بە ساغ و سەلامەتی رادەستی تورکیا کرانەوە، ئەوە لە کاتێکدا داعشــەکان بارمتەی ئەمریکایی و بەریتانی و فەرەنســایی سەردەبڕن! ئەوە گومانی دروستکردووەو بە قســەی (تایمز)ی بەریتانی بێت، ئەوە لە بەرانبەر ئازادکردنی ١٨٠ کەســی ســەر بە داعــش بووە کە رەگەزنامەی ئەورووپیشــیان تێدا بووە. یان جۆن بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە کۆڕێکی خۆیدا تورکیای تۆمەتبارکرد کە هاوکاریی لۆجیستی داعشی کردووە، راســتە دواتر پۆزشــی بۆ ئەردۆگان هێنایەوە، بەڵام کۆشکی ســپی پشــتەوانی لە بایدن کرد. حزبەکانی تورکیا (CHP، HDP، جەماعەتی خزمەتی فەتحوڵڵا گولەن)یش، لەمێژە حکومەتەکەی AKP بە هاوکاری داعش تۆمەتبار دەکەن. بە گوێرەی ســەرچاوەیەکی ســەر بە گولەنییەکان، نزیکەی ٥٠٠ تورك بە خۆیان و خاو و خێزانیانەوە چوونەتە رێزی داعش لە ســووریا و بە گوێــرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی وۆرلد تریبۆنی ئەمریکایــی ئــەو ژمارەیە دەبێتــە ١٠٠٠ کەس. بە گوێرەی راپرسییەکیش کە دەزگای (Metropoll) لە ماوەی نێوان ١٦-١٨ی ئەیلوول لە شــارەکانی تورکیا کردوویەتــی، نزیکــەی ٨٠٪ی خەڵکی تورکیا دژی تیرۆرن، بەڵام ١٢,٦٪ی خەڵك بەگشــتی و ١٨,٩٪ی ناو حزبی دادو گەشەپێدان AKP پێیانوابووە کە دەکرێ لە هەندێ هەلومەرجدا لە ئایینی ئیســلامدا پەنا بۆ توندوتیژی ببردرێ و ٥,٤٪ی خەڵك و ٧,١٪ی AKP پێیانوایە کاروکردەکانی داعش لەگەڵ ئیسلام رێکدێتەوە و ١,٣٪ی خەڵك و ٢,٢٪ی ناو AKP لەگەڵ داعش هاوســۆزن (بگەڕێوە بۆ رۆژنامەی تودەی زەمان بە زمانی ئینگلیزی، رۆژی ٩/ئۆکتۆبەر).. بەقســەی بۆلەنت کەنــەش (تــودەی زەمــان، ٢٠١٤/١٠/٩) «بەرپرسێکی باڵای AKP پەلاماردانی کۆبانێ لەلایەن داعشەوە و شــەڕی نێوان داعش و (یەپەگە) خزمەت بەوان دەکات». ئەردۆگان-یش بەشێوەیەکی دی ئەوەی

**داعش و جەبهەتولنەسرەو بەرەی ئیسلامی تەنگیان بە لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا هەڵچنی و کزو لاوازیان کردن. لێ کە داعش لە بەغدا، یان لە هەولێر نزیک بۆوە، ئێران زوو هاتەسەر خەت و دەورێکی لە پێش پێگرتنی داعش داگێڕا**

**کاتێک ئەردۆگان داعش و PKK دەخاتە تای یەک تەرازووەوە، ئیدی پرۆسەی چارەسەری و دیمانەو دانوستاندن لەتەک ئۆجەلان و قەندیلدا چ مانایەکیان دەبێ؟**

له غازی عەنتاب دووباره کردەوه که گوتی: «کۆبانێ کەوتووەو دەکەوێت»!

پێموانییه، تورکیا نەزانێ که داعش دۆستی کەس نییه، ئەی باشه له چ دەترسێ و له چ نیگەران و دوودڵه، یان بۆ سیاسەتێکی دووفاقی بەرانبەر داعش گرتۆتەبەر؟ بێگومان که داعش بەناو تورکیادا هاتوچۆی کردبێت، رایەڵکه و شانەی نووستووی لەناو تورکیادا دروستکردووه، جا دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا پێی بزانن یان نا. رەنگه له هەر بارو رەوشێکدا که تورکیا به جددی بەشداریی هاوپەیمانێتییەکه بکا، ئەو رایەڵکانه بکەونەخۆ و پشێوی و ئاژاوەی بۆ دروست بکەن. دووەم، ئەگەر کۆبانێ بکەوێت، ئەوا له دیدی تورکیاوە، دژمنێکی تورکیا (پەیەدە و یەپەگە کز و لاواز دەبن، چونکه ئەردۆگان پەکەکه و داعش وەك یەك دەبینێ) و له سەرێکی دیکەوە راستەوخۆ سنوورێکی چەند کیلۆمەتری بۆ دروست دەبێت لەگەڵ داعش و ئیدی کنەکردن لەناو تورکیا بۆ داعش ئاسانتر دەبێت و بەم پێیەش خەتەر بۆ سەر تەناهی تورکیا گەورەتر دەبێت. بەڵام رەنگه تورکیا خەتەری پەکەکه و پەیەدە به هەمیشەیی دابنێ و خەتەری داعش به کاتەکی.



ئایا مەسەلەکە هەر لەوەندەدا کورت دەکرێتەوە، مەسەلە چییە؟ تورکیا چاوی لەوەیە لە بەرانبەر ئێراندا سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامیی سوننەگەرا بکات، دیارە ئەو سەرکردایەتییە بۆ تورکیا ساغ نەبۆتەوە، عەرەبستانی سعودی و میسر جڵەوی ئەو کارە نادەنە دەست تورکیا و ئەو دوو وڵاتە بەرەنگاریی نفووزی ئیخوانەکان دەبنەوە. تورکیای AKPیش، سۆزو مەیلێکی دیاری بەلای (ئیخوان)دا هەیە. (هەڵوێستی تورکیا لە حەماس و ئیخوانەکانی میسر و لادانی محەمەد مورسی بەراورد بکە بە هەڵوێستی سعودیە، یان هەڵوێستی میسر لە بەرانبەر حەماسدا). پێوەندیی ئیخوانەکانی سووریا و بەشێکی ئۆپۆزیسیۆنی سوری بە تورکیا و هەوڵدان بۆ هێنانەسەرکاری ئەوان لە سووریا، زێتر گروپە تیرۆریستەکانی (داعش و جەبهەی نەسرەو بەرەی ئیسلامی...) خورت کردو پێشبڕکێیان لە ئیخوانەکان گرتەوە و هاوکێشەکانیان بەسەر تورکیاو غەیری ئەوانیشدا قلّپ کردەوە.

تورکیا بە ئاشکرا لەسەر زاری داود ئۆغلۆ رایگەیاند کە دەیەوێ بەشداریی لە هاوپەیمانێتی دژی داعش بکات، بەو مەرجەی لادانی بەشار ئەسەد و هێنانی



لایەنگرانی خۆی بۆ سەر دەسەڵات رەچاو بکرێت، کەچی عەرەبستانی سعودی خەریکە مەشق بە (ئۆپۆزیسیۆنی میانڕۆی سووری) دەکا و دەیەوێ ئەو کارتە لە دەست تورکیا دەربهێنێ، لەهەمانکاتدا بڕوام نییە ئەمریکاش پێی خۆش بێت لە سووریا نیزامێکی مەیلەو ئیخوانی دروست ببێ کە ببێتە دراوسێی ئیسرائیل کە ناوبەناو شەڕ لەگەڵ حەماسی تام ئیخوانی دەکات.. پرسیار ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆنی میانڕۆی سووری کێن و سەر بە چ ڕێباز و رەوتێکی فیکری و سیاسین و ئیخوانەکان لە کوێی ئەوانەدان؟ ئەمریکا پێیوایە تا ئێستا هێزێك نییە لە سووریا پشتی پێ ببەستێ بۆ لادانی بەشار ئەسەد، بە مانایەکی دی جارێ رووخانی ئەسەد لە رۆژەڤی ئەمریکادا نییە.

**● فۆبیای کوردی**

دووەم مەرجی تورکیا، دروستکردنی ناوچەیەکی تامپۆنە لەسەر سنووری تورکیا- سووریا بە قووڵیی ٢٥- ٣٨ کیلۆمەتر لە دیوی سووریا (بە کورتی لە ناوچە کوردنشینەکانی سووریا- رۆژاڤا کە هەر سێ کانتۆنە خۆبەڕێوەبەرەکەی جزیرە و کۆبانێ و عفرین-یان لێ دامەزراوە، بە سەرکردایەتی PYD کە تورکیا بە درێژکراوەی PKKی دەزانێ).. تورکیا لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ چەند نیشانەیەك بشکێنێ: هێزێکی هاوپەیمانان کە تورکیا دەورێکی سەرەکی تێدا بگێڕێ لەو ناوچانە جێگیر ببێ و شتێك بەناوی کانتۆنەکانی رۆژئاڤا و PYD نەمێنێ و وردەوردە بیانخاتەوە بندەستی ئەو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە سوورییانەی نزیکن لە خۆی و حکومەتیی یاخیبووان لەوێ دابمەزرێنێ و پاشان وردەوردەش ئەو خەڵکانەی بوونەتە پەناهەندە و کۆچبەر لە تورکیا کە نزیکەی دوو ملیۆن کەس دەبن لەو شوێنانە دابمەزرێنێتەوەو بارگرانیی ئەوان لە کۆڵ خۆی بکاتەوەو لەم ڕێگەیەشەوە هەژموونی خۆی بەسەر سووریای دوارۆژدا بسەپێنێ. بەڵام تا ئێستە ئەمریکا و ناتۆ سەریان بۆ ئەو پلانە نەهێناوەتە بەرێ، بەڵام لێی دەکۆڵدرێتەوە و ساغ نەبۆتەوە.

سێیەم: تورکیا لەوەش دەترسێت، شەڕی داعش پێگەی کورد لە ناوچەکەدا بەهێز بکات، چونکە بە کردەوە کورد بە هەموو هێزەکانیانەوە لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لە شەڕی دژی داعشدا جێگەی خۆیان گرتووە، یان جێ دەگرن و لەئەنجامدا ئەمریکاو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی راستەوخۆ مامەڵە لەتەك کورد و هێزەکانیدا بکات و بە رەسمی بیانناسێنێ (بەو ئەگەرەشەوە کە PKK لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێ).

بە مانایەکی دی، لە دوای بڕانەوەی شەڕی داعش، کورد ستاتۆیەکی قانونی- سیاسیی پتەوتر لە ناوچەکەدا بەدەست بهێنێ و خەونی تورکیا بزڕێنێ. ئەوە لە کاتێکدایە تورکیا پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبووە و لەناوخۆی وڵاتەکەی خۆشیدا، باس لە ئاشتی و پرۆسەی چارەسەری دەکات. بەڵام کاتێك ئەردۆگان داعش و PKK دەخاتە تای یەك تەرازووەوە، ئیدی پرۆسەی چارەسەری و دیمانەو دانوستاندن لەتەك ئۆجەلان و قەندیلدا چ مانایەکیان دەبێ؟

بەداخەوە، خۆپیشاندانەکانی ئەو چەند رۆژەی تورکیا و ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی لە لایەن پۆلیس و حزبوڵڵاوە کوژراون (٢٩ کەس تا ئێوارەی ١٠/١٠)، کاردانەوەی توندی حکومەتەکەی AKP نیشان دەدەن لە بەرانبەر کورددا، ئەوەش بۆ خۆی ئاڵۆزی و پاڵۆزییەکی دیکە دەخاتەسەر رەوشی ناوچەکە بەگشتی.

لەکاتێکدا کورد وەکو نەتەوەیەك لە تەك تورکدا دراوسێن و لە بەرژەوەندی هەردوو لادایە، کە رێز لە بوون و ماف و بەرژەوەندییەکانی یەکتر بگرن و ناوچەکە بێ هەماهەنگی ئێوانیان سەقامگیر نابێت، وێدەچێ تورکیای AKP باش لەم راستییە سادەیە نەگەیشتبێ، ئاخر دوو گەلی دراوسێ ناتوانن لەسەر حیسابی یەکتر، تەناهی و بەرژەوەندیی خۆیان بپارێزن.. بۆیە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز راست دەکا کە دەڵێ: «ئەردۆگان یارییەکی ترسناك دەکات».

**● ئێران لە دەرەوەی هاوپەیمانێتییە فەرمییەکە!**

هەندێ لایەن دەڵێن، ئێران و سووریا-ش دەستیان لە گەورەکردنی داعشدا هەبووە، بەقسەی راپۆرتێك کە کار لەسەر شیکردنەوەی ئەو چەك و تفاقانەی شەڕ دەکات کە لە داعش گیراوە، هەندێ لەو چەك و تفاقانە، دروستکراوی ئێران بوون. راستییەکەی ئەوەیە داعش و جەبهەتولنەسرەو بەرەی ئیسلامی تەنگیان بە لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا هەڵچنی و کزو لاوازیان کردن. لێ کە داعش لە بەغدا، یان لە هەولێر نزیك بۆوە، ئێران زوو هاتەسەر خەت و دەورێکی لە پێش پێگرتنی داعش داگێڕا. بەڵام بە فەرمی ئێران، بەشێك نییە لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر. پێوەندیی ئێران بە حکومەتی عێراق و حکومەتەکەی بەشار ئەسەدەوە پتەوەو دیفاع لەو دوو حکومەتە دەکات. حکومەتی ئێستەی عێراق هەم هاوپەیمانێتیی ئەمریکای قبوڵەو هەم ئێران. بە واتایەکی دیکە، عێراق، بە کردەوە ئەمریکاو ئێران دژی

**بە دوور نازانرێ داعش لە جێگە و وڵاتی دیکەشدا جەبهەی شەڕ بکاتەوە، یان گرووپی دیکەی بەناو ئیسلامی موبایەعەی پێ بکەن وەک لەمەوبەر دیتمان**

**ڕاستە زەبری هەوایی تا رادەیەک کاریگەریی لەسەر جوڵەو بزاڤی داعش داناوە، بەڵام سنووردارەو لە پەلوپۆی نەخستوون. هێشتا ئەو رێکخراوە لێرەو لەوێ، وێڕای ئەوەی کە هەندێ ناوچەی لە بندەست دەرهێنراوە، توانای مانۆڕ و دژە هێرشی ماوە**

داعش کۆدەکاتەوە. داخوا ئەو ڕێککەوتننە جەنتلمانییە لە سووریا ڕەنگ دەداتەوە کە جارێ ئەمریکا چاو لە ڕووخانی ئەسەد وەربگێڕێ؟ ڕاستە لە نێوان ئەمریکاو ئێراندا گرفت و کێشەی قووڵ هەیە، لە سەرووی هەموویانەوە هەوڵدانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. داخوا ئەمریکا دەتوانێ بە کردەوە دەوری ئێران نادیدە بگرێ؟

دیارە هەڵوێستی ئێران لە بارەی ناوچەی دژەفڕین لە سووریا و بڕیارەکەی ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبەری پەرلەمانی تورکیا بۆ ناردنە دەرێی سوپا بۆ دەرەوەی سنووری تورکیا بۆ عێراق و سووریا، تەواو دژە. داخوا ئەمریکا سەر بۆ پرۆژەی تورکیا و مەرجەکانی دێنێتە بەرێ و گوێ بە ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە نادات؟ ئەگەر تێکشکاندنی داعش مەبەست بێ، داخوا ئەولەوییەت تێکشکاندنی داعشە لە عێراق کە هێزێکی تا ڕادەیەك متمانەپێکراو (واتە پێشمەرگە)ی هەیە، یان لە سووریا کە ئەمریکا خۆی پێیوایە هێزێك نییە لەوێ پشتی پێ ببەستێ. یان بۆ سووریا بە ناچاری دەبێت پەنا بۆ تورکیا ببات؟!

بەهەرحاڵ هەر تەنیا ئێران نییە کە دژایەتی ڕۆڵی تورکیا و پرۆژەکانی لە سووریا دەکات، بەڵکە ڕووسیاش ڕوانگەیەکی جیای هەیە. داخوا ئەمریکا تێکشکاندنی داعش و ڕووخاندنی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد بە یەکەوە دەبەستێتەوە؟

وەکو لە سەرەوە گوتم: سیاسەت و پلانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش ١٠٠٪ سەرکەوتوو نەبووە، داخوا وێڕای پشتبەستن بە هێزە زەوینییە لۆکاڵییەکان، پەنا بۆ تورکیاو (هێزی ناتۆ) دەبات بەتایبەتی لە سووریا؟

**● گۆڕینی نەخشەو پلانی بەرەنگاربوونەوە ئاڵۆزی بەدوای خۆیدا دێنێ**

پێموانییە ئەوە سەربگرێ، ئەمریکا وا بەئاسانی بچێتە ژێر باری مەرجەکانی تورکیا، چونکە ئاڵۆزکردنی زێتری ناوچەکە و گرژی نانەوەی پتری لێدەکەوێتە کە ئەمریکا و ناوچەکەش پێویستی پێ نییە.. وەك دەبینین لە ئێستاوە خۆپیشاندان لە کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات و باشوور و لە شارەکانی ئەورووپا دەستی پێکردووەو کۆبانێ هاوسۆزییەکی گەورەی لەگەڵدا دروست بووە و یەپەگە بۆتە هێمایەکی بەرەنگاربوونەوەی داعش لەپاڵ مەترسیی دەسپێکردنەوەی شەڕ لە تورکیا و ئاڵۆزبوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و مایەی خۆتێکردنی ئێران و ڕووسیا لە ناوچەکەدا.



موسا ئەحمەد بۆ گوڵان:

# دەزگای خێرخوازی بارزانی یەکەمین ڕێکخراو بوو هاوکاری گەیاندە شاری کۆبانی

**جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە ئاخاڤتنێکیدا بۆ گوڵان جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەزگای خێرخوازی بارزانی یەکەمین ڕێکخراوی مرۆیی بووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی کە کۆمەك و هاوکاری گەیاندە شاری کۆبانی.**

جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی (موسا ئەحمەد) لە لێدوانێکیدا تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «وەکو ئەرکی مرۆیی و هەمیشەییمان بۆ بەهاناچوونی خەڵکی لێقەوماو، دەزگای خێرخوازی بارزانی بێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی کۆمەك و هاوکارییەکانی گەیاندۆتە ئەو مرۆڤانەی کە پێویستییان بە هاوکاری و کۆمەك هەیە، لە سەرەتای هێرشەکانی داعش بۆ سەر خەڵکی سڤیلی کۆبانێ، وەکو ئەرکێکی مرۆیی و نیشتمانی یەکەمین ڕێکخراو بووین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی کۆمەك و هاوکاریمان گەیاندە خەڵکی کۆبانێ، کە ١٢ ترێلە بوو و ١٢٦ تۆن خۆراك و چەندین جۆری کەرەستە و کەلوپەلی پێویستی لەخۆ گرتبوو».

موسا ئەحمەد جەختی لەوەش کردەوە کە دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمانێك دەرگای برایم خەلیلی لە ڕووی خەڵکی لێقەوماوی کۆبانێ واڵاکرد، زیاتر لە ٣٥٠ خێزان ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردو لە کەمپی گەویلان نیشتەجێکران، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ڕاستەوخۆ تیمەکانمان گەیشتنە کەمپەکە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەیان بەسەر ئەو خێزانانەدا دابەشکردو خێزانەکانیش سوپاسگوزاری خۆیان بۆ هاوکارییەکانی دەزگاکەمان پیشان دا، لە بەرنامەشماندایە لە کۆمەك و هاوکارییەکانمان بۆ کوردانی ڕۆژئاوا بەردەوام بین، هەروەکو چۆن بەشداریی گەورەترین هەڵمەتی کۆمەك و هاوکاری بووین بۆ کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان و لەسەرجەم کەمپەکانی تایبەت بە کوردانی ڕۆژئاوا کۆمەك و هاوکاریی پێویستمان گەیاندووە». گوتیشی: «هاوکاری و هەوڵەکانمان بۆ گەیاندنی هاوکاری بە لێقەوماوان لەو باوەڕەوە هاتووە کە سوودمان لە ئەزموونی مرۆڤدۆستانەی ژەنەراڵ بارزانی وەرگرتووە کە وتوویەتی: (شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت)».

### زیا شەکەرچی نووسەر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# ئەگەر عەرەبی شیعە و سوننە بەشداری لە شەڕی دژی داعش بکەن، هەریەکەیان خۆی لە سەنگەرێکدا دەبینێتەوە

*** چـــۆن دەڕوانیتە ئەو بارودۆخەی کە ئێســـتا هاتۆتە ئاراوە لە هێرشـــی بەربـــڵاوی ئەوەی کە پێـــی دەگوترێ دەوڵەتی ئیســـلامی (داعش)، ئایـــا پێتوایە ئەمە دۆخێکی تازەیە، یان پاشـــماوەی رابردووە و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرهەڵدەداتەوە؟**

- دەتوانین بڵێین پەیدابوونی داعش شـــتێکی لەناکاو بوو، بەڵام تا رادەیەك نیشـــانەکانی دیاربـــوون، زۆر دامەزراوەی ئایینـــی هەیە کـــە رەواج بۆ ئەم شـــتە دەکـــەن، هەروەها ژینگەیەکی لەبار لەئارادا بوو بۆ ســـەرهەڵدانی ئەم دۆخە، چونکە کەســـانێك هەبوون پشتیوانییان لەمە دەکرد، بەڵام بۆ من شتێکی شاردراوە و نادیارە کە ئەمە چۆن هاتە کایەوە و بەم کاتە و بەم خێراییە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لای زۆر کەس شـــاردراوەیە، لەلایەکی دیکەوە مایەی سەرسوڕمانە چـــۆن توانییان هـــەر وا و بەم خێراییە ئەو هەموو شـــار و شـــارۆچکەیەی عێراق داگیر بکەن و بـــەم ژمارە کەمەیان دەسەڵات بەسەر ئەو شوێنانەدا بسەپێنن.

*** ئەگەر بە چاوێکی دیکەوە لە داعش بڕوانین، دەبینین زۆر دەوڵەت هەن، دەســـتیان کردووە بە لێدانی ئەم رێکخراوە و هەندێکی دیکەش رەنگە لە ژێرەوە پاڵپشـــتیی بکەن، ئایا تاچەند ئەم هاوکێشە لاتان دیار و روونە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە کۆمەك و پاڵپشتیی نێودەوڵەتییەوە هەبێـــت، رەنگە هەندێ دەوڵەتی ئیقلیمی بە شـــێوەیەك لە شـــێوەکان دەســـتیان تێیدا بێت، بەڵام هێشتا زۆر روون نییە، چونکە لەوانەیە هەندێك لـــەو دەوڵەتانە تێوەگلابن و بیریان لە ئاکامەکەی نەکردبێتەوە، چ لە رێگەپێدان بە تێپەڕبوونیان لە خاکەکەیـــەوە، یان بواریان دابـــن کۆمەکی تەقەمەنی و داراییان بە خاکەکەیاندا گواستبێتەوە، لەوانەیشە هەندێ لەو دەوڵەتانە تا ئێســـتا هەســـتی پێ ناکەن و تەنیا چاوەڕوانی دەرئەنجامەکان دەکەن و کۆتاییەکەی دەخوێننەوە، بەڵام من دەپرســـم چ لایەنێك، یان دەوڵەتێـــك بەرژەوەندییەکەی ئەوە دەخوازێت کە ئەو رێکخراوە بەهێز بێت و ئەم هەموو کارەساتە لە ناوچەکە بێنێتە ئاراوە؟

*** وەك تێبینییـــەك، بەم دواییە بۆ هەموو لا دەرکەوت کە ١٥٠٠ ئۆتۆمبیل لە وڵاتێکی وەك قەتەرەوە گەیشتۆتە دەست داعش لە عێراق، بەرژەوەندیی ئەم دەوڵەتە لەوەدا چییە؟**

- راســـتە، رۆڵی قەتەر تێکدەرانەیە، هەندێ دەڵێن قەتەر بەتەنیـــا نییە، دەوڵەتێکـــی دیکەی لە پشـــتە کە ئەویش ئیسرائیلە، باشە بەرژەوەندیی ئیسرائیل لێرەدا چییە؟چونکە ئەو رێکخـــراوە هاتووە دوژمنایەتی هەمـــوو لایەك دەکات، دوژمنایەتی مەسیحی و جوولەکە و شیعەو کورد و ئەمریکا و ئەوروپـــا و هەموو ئایین و نەتەوەیەك دەکات، ئەگەر بڵێین مەســـەلەکە دابەشـــبوونە، هەتا ئەگەر مەسەلەکە جارێکی دیکە دابەشـــبوونەوەی ناوچەکە بێت بۆ چەند دەوڵەتێك وەك رێکەوتننامەی سایکس- بیکۆ، کەواتە سوود و بەرژەوەندیی لەوەدا نابینم، بۆیـــە هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتە تازانە رەنگە ببێتە مۆڵگەیەك بۆ توندڕەوی و تیرۆر، هەروەها شـــتێکی دیکە، رەنگە پیلانێکی گەورەو شاردراوەی نێودەوڵەتی بێت و بە نهێنی دارێژرابێت و ئەنجامەکەی لە ئایندەدا دەربکەوێت، یان پیلانێك بێت، تەنا بۆ دژایەتیکردنی زۆرترین و فراوانترین ئایین بێت لە ناوچەکەدا، بۆ مەبەســـتی زاڵبوونی پرەنسیب و بیرۆکەی عەلمانییەت لە ناوچەکە و جوداکردنەوەی ئایین لە سیاســـەت، من پێموایە ئەو مەسەلەیە زۆر قووڵە و رەنگە ئەنجامەکەی دوای ٥٠ ســـاڵ، یان زیاتر دەربکەوێت، بۆیە هەرچەند بیری لێدەکەمەوە شـــتەکە بە شـــاردراوەو ناڕوونی دەبینم.

*** ســـتراتیژییەتی ئەمریکا بریتییە لـــە لێدانی داعش، حکومەتی عێراقیش بانگەشـــەی ئـــەوە دەکات کە گوایە هێزی تایبەت بۆ شـــەڕکردن لەگەڵ داعـــش پێکدەهێنێت و کوردیـــش لە بەرامبەر ئەو رێکخـــراوە دەجەنگێت، پێتوایە ئەو گورزوەشـــاندنەی ئەمریکاو ئەو ســـتراتیژییە بەسە بۆ لەناوبردنی ئەو تیرۆریستانە؟**

- من پێموایە پێویستە هەموو هێزەکان هاوکاریی یەکدی بکەن و هێزی ناوخۆ لە پێشمەرگەو عەشیرەتەکان و سوپای عێراق لەگەڵ پڕچەککردنیان بە چەکی پێشـــکەوتووی تازە کە بتوانن شـــەڕ بکەن، وێڕای پشـــتیوانیی دەوڵەتان، بەڵام نەك ئەو دەوڵەتە موســـڵمانانەی کـــە رەنگە خودی خۆیان

**پەیدابوونی میلیشیا لەژێر هەر ناوێکدا بێت زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەو هێزانە ناچنە ژێر باری هێزی چەکداریی فەرمیی دەوڵەتەوەو بە ئارەزووی خۆیان رەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن**

**وڵاتە ئەوروپییەکان خاوەنی شارستانی و پاشماوەی کەلەپوورن، داعشیش دوژمنی هەموو شارستانیەتێکە و نایەوێ هیچ بەڵگە و هێمایەکی پێشکەوتنی گەلان بمێنێت**



**عێراق بە ساتەوەختێکی دژوار و سەختدا تێدەپەڕێت، لەگەڵ ئەوەی ئێستا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دروست بووە بۆ هاوکاری عێراقییەکان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، بەڵام باری ناوخۆیی و واقیعی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە بە رادەیەك ئاڵۆزە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت توانای هەردوو لایان بۆ ئەم شەڕە یەکبخرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەم وتوێژەمان لەگەڵ نووسەر و سیاسەتمەداری عێراقی زیا شەکرچی ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو**

ژینگە بن بۆ بەهێزکردنی توندڕەوی کە مەترسین، بەڵکو دەوڵەتانی رۆژئاوا کە بتوانن پشتیوانیی لە دژایەتیکردنی داعش بکەن، بەڵام نەك راستەوخۆ دەست وەربدەنە کاروباری ناوخۆی عێراق، بێگومان وڵاتە ئەوروپییەکان خاوەنی شارستانی و پاشماوەی کەلەپوورن، داعشیش دوژمنی هەموو شارستانیەتێکە و نایەوێ هیچ بەڵگە و هێمایەکی پێشکەوتنی گەلان بمێنێت، ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بوو، ئەوا رەنگە زۆر لایەنی دیکەی توندڕەوی بێتە پاڵ و قەیرانەکە قووڵتر و سەختتر بێت، کەواتە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر هەموو جیهان، لەهەموو بارێکیشدا پێویستە بەر لە هەمووان خودی گەلی عیراق رووبەڕووی ببێتەوە، بە تایبەتیش خەڵکی ئەو شوێنانەی کە لەلایەن داعشەوە داگیرکراون.

*** ئەو شەڕە بوو بە شەڕی دەستەویەخە، یان شەڕی کوچەو کۆڵان، کە زۆر زەحمەتە بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، راتان لەو بارەیەوە چییە؟**

- من پێموایە گورزی ئاسمانی بە تەنیا بەس نییە و پێویستە هێزی وشکایی بەشداری بکات، هەروەها پەیدابوونی میلیشیا لەژێر هەر ناوێکدا بێت زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەو هێزانە ناچنە ژێر باری هێزی چەکداریی فەرمیی دەوڵەتەوەو بە ئارەزووی خۆیان رەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن، دواتر رەنگە شەڕی تایفەییان لێ بکەوێتەوە، بۆیە لەهەر لایەك بن، چ شیعە بن، یان سوننە، هەر لە روانگە و لەسەر بنەمای تایفی دروستکراون و مەترسییان لێدەکەوێتەوە و دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پێشوو. ئینجا مەسەلەی دیموکراسییەت و فرەیی سیاسی و حزبی، ئەمانە فاکتەرن بۆ ئەم مەسەلەیە، واتا ئێمە وا لە فرەحزبی و فرەنەتەوەیی گەیشتووین کە گوایە رێزگرتنە لە لایەن و نەتەوەکانی دیکە، بەڵام وا دەرناچێت، چونکە خزمەتی ئەو حزبە دەکەین کە مەبەستمانەو ئەوانی دیکە پشتگوێ دەخەین، واتا حزبەکە داخراو دەبێت و ئەوانی دیکە قبوڵ ناکات، لە ناو کوتلەی پەرلەمانیشدا تەنیا کار بۆ مەزهەب، یان ئایین، یان نەتەوەی دیاریکراوی خۆی دەکات، لەبەر ئەوە من پێموایە هەر یەك لەو حزبە داخراوانە هۆکار بووە بۆ سەرهەڵدان و فراوانبوونی داعش و قۆستنەوەی ئەو بارودۆخە تا کارەکە بەم ئاکامە گەیشت، بۆیە ئەگەر بڕوامان بە هاووڵاتیبوون هەبووایە و بەسەر بیرۆکەی تەسکی حزبایەتی و تایفی و تەنانەت نەتەوەیی (بێجگە لە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان) زاڵ ببووینایە، ئەو دەرفەتەمان بە داعش و تیرۆریستان نەدەدا بەم شێوەیە رەوشی عێراق تێك بدەن، تەنانەت لە ئێستادا دەبینین کە عەشیرەتەکانیش لەلای خۆیانەوە دەیانەوێت بەشدار بن لە شەڕی دژ بە داعش، سوننە لەلای خۆیەوە و شیعەش بە هەمان شێوە، بەڵام لە دەرئەنجامدا هەر مۆرکی تایفەییان پێوە دیارە، ئەگەر هەردووکیشیان بەشداریان کرد لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا، ئەوا هەر یەکەیان لە سنگەرێکدا خۆی دەبینێتەوە، بۆ نموونە وا دەردەکەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان کە سوننە بە هاوئاهەنگ لەگەڵ داعش تۆمەتباردەکرێت، سەبارەت بە میلیشیایەکانیش وا پیشان دەدرێت کە دژ بە سوننەن، ئەو بارودۆخەش دژایەتی و ململانێی هەڵەی سیاسی دروستی کردووە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣، بۆیە ئەگەر بگوترێت کە جیاوازی نییە لە نێوان سوننە و شیعە لە راستیدا تەنیا لە میدیاکانەوە وا پیشان دەدرێت، بەڵام لە واقیعدا ئەمە هەستی پێ ناکرێت، هەروەها دەبینین کە زانایەك لە کۆڕێك موجامەلە دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێمە رێز لە هەموو ئایینەکان دەگرین و دژایەتی هیچ لایەك ناکەین، یان زانایەکی دیکە دەڵێت: گوایە تەنیا دژی ئەوانەیە کە نوێژ ناکەن و مەی دەخۆنەوە و ئافرەتانیان سەرپۆش لەسەر ناکەن، باشە تۆ حەقت بەسەر ئەوانەوە چییە؟ یان بە باشی باس لە پێکەوەژیانی ئایینی لە عێراق دەکات و دواتر دەڵێ: ئەو ئاوارانە هەموویان دوژمنکارن، دیارە ئەو هەوڵی ئەوە دەدات پردی پەڕینەوە بۆ هەندێ هەڵوێست بدۆزێتەوە، بەڵام مەبەستی لایەنێکی دیکەیە، یاخود تەکفیری و پەراوێزخستن دەخاتە پاڵ توێژێکی دیکەی گەلی عێراق، ئەمەیە کلتووری خراپی ئێمە کە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ پەرەسەندنی خێرای داعش، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی دەرئەنجامەکەی بکەین کە شاردراوەیە و تا ئێستا کەس بە تەواوی دەرکی پێ ناکات.

**گورزی ئاسمانی بە تەنیا بەس نییە و پێویستە هێزی وشکایی بەشداری بکات**

**ئەگەر بڕوامان بە هاووڵاتیبوون هەبووایە و بەسەر بیرۆکەی تەسکی حزبایەتی و تایفی و تەنانەت نەتەوەیی (بێجگە لە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان) زاڵ ببووینایە، ئەو دەرفەتەمان بە داعش و تیرۆریستان نەدەدا بەم شێوەیە رەوشی عێراق تێک بدەن**



له دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا

ڕێجیس دوبرێ ئەرستۆکەی فەرەنسا و جیهان:

# کوردستان لە چرکە ساتێکی مێژوویی خۆیدایە وەک پاڵەوانی مقاوەمەت دژی شەیتانی داعش و پارێزەری کەمینەکان لەسەر شانۆی سیاسی جیهان دەرکەوتووە



وەک هاوڕێی بەڕێزم د.عادل باخەوان لە پێشەکیی ئەم دیمانەیەدا ئاماژەی پێکردووە، ریجیس دوبریە ئەرستۆکەی فەرەنسایە، بەڵام دوبریە شایەنی ئەوەیە پێی بگوترێت ئەرستۆکەی جیهان، دوبریە جیا لەوەی خاوەنی کتێبی (شۆڕش لە ناو شۆڕشدا)یە، لە هەمانکاتدا نووسەری چەندین کتێبی دیکەیە، کە بێجگە لە بڵاوبوونەوەیان بە زمانی فەرەنسی، بۆ سەر زەمانی ئینگلیزی و عەرەبی و زمانەکانی دیکەی جیهانیش وەرگێڕاونەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە فیکری ئەم فەیلەسووفە گەورەیە سەرچاوەی ئیلهام وەرگرتنە بۆ هەموو رۆشنبیران و شۆڕشگێڕان لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەم مرۆڤە زانایە بێجگە لەوەی فەیلەسووفێکی گەورەیە لە هەمانکاتدا رۆژنامەنووس و شۆڕشگێڕیشە. باوکی دوبریە یەکێک لە پارێزەرە گەورەکانی فەرەنسا بووە و دایکیشی یەکێک بووە لەو خانمە دیارانەی کە رۆڵی لە دژایەتیکردنی فاشیزم بینیوە.

دوبریە لەساڵی ١٩٦٠ بەشی فەلسەفەی لە خانەی باڵای مامۆستایان لە پاریس تەواو کردووە، کە گەورەترین دامەزراوەی زانکۆکانی فەرەنسایە و هەمان ئەو زانکۆیە کە جان پۆل سارتەر و ریمۆن ئارۆن لێی دەرچوون. دوبریە لە ساڵی ١٩٦٥ بڕوانامەی دکتۆرا لە فەلسەفە وەردەگرێت بۆ ئەوەی لە زانکۆ وانە بڵێتەوە، بەڵام ئەو لە بری ئەوەی رووبکاتە زانکۆ، هەمان ساڵ دەچێتە کوبا و لەوێشەوە دەچێتە بۆلیفیا بۆ ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشگێڕی گەورەی جیهانی چێ گیڤارا بکات، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٧ دۆبریە بیروبۆچوونە فەلسەفییە شۆڕشگێڕییەکانی خۆی لە کتێبی «شۆڕش لە ناو شۆڕشدا» بڵاو دەکاتەوە، پاشان لەلایەن حکومەتی بۆلیفیاوە دەستگیر دەکرێت و فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، بەڵام دواتر حوکمەکەی بۆ ٣٠ ساڵ کەمدەکرێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو هەڵمەتەی لەلایەن رۆشنبیرانەوە بە رێبەرایەتیی جان پۆل سارتەر لەسەری بەرپاکرا، ماوەی چوار ساڵ لە زیندانی بۆلیفیا دەمێنێتەوە و پاشان ئازاد دەکرێت. دوای ئازادکردنی روودەکاتە چیلی بۆ ئەوەی چاوی بە سەرۆکی ئەوسای چیلی بکەوێت و هەر لەو ماوەیەدا کە لە چیلی بووە، لەگەڵ شاعیری گەورە بابلۆ نیرۆدا چاوپێکەوتنی کردووە.

د. عادڵ باخەوان مەبەستی بووە لەم بارودۆخەدا، ریجیس دوبریە تایبەت بۆ خوێنەرانی کوردستان بدوێت، بۆیە لەسەر چەندین پرسی هەنوکەیی و گرنگی تایبەت بە کورد و کوردستان ئەم دیدارەی لەگەڵدا ئەنجامداوە.

دیداری: د.عادل باخەوان - پاریس

## ● ململانێ لەگەڵ شەیتانەکاندا

دیسانەوە لە بەرامبەری رێجیس دوبرێ دادەنیشم، دیسانەوە وەك فەیلەسووفە گەورە جیهانییەکە بانگهێشتم دەکات بۆ ماڵ خۆیان و لەگەڵ خێزانە میهرەبانەکەیدا پێشوازیم لێدەکەن. بەڵام بەپێچەوانەی جارەکانی پێشووەوە، ئەم جارە رێجیس دوبرێ دەیەوێت راستەوخۆ لەسەر چەند پرسێکی گرنگ و گەرم گفتوگۆ بکەین. دەیەوێت مەودایەك لەگەڵ کتێبخانە گەورەکەیدا، لەگەڵ کۆشکە فەلسەفیەکەیدا وەربگرێت و، لەو ئاسمانە بەرزەوە دابەزێتە خوارەوە، بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەڵێك مەسەلەی بایەخدار کە چەند پەیوەندی بە منەوە، منی رۆژهەڵاتی و منی کوردەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بەوی رۆژئاواییی، ئەوی فەرەنسییەوە هەیە، چەند پەیوەندی بە منی سۆسیۆلۆگەوە هەیە، هێندەش پەیوەندی بەوی فەیلەسووفەوە هەیە.

دیسانەوە لەنێو دڵی پاریسدا، لە ماڵەکەی خۆیدا، ئەو و من بە یەك دەگەین، ئەوێك کە لە ساڵی ١٩٧١دا، کە من تازە بە تازە، لە گوندێکی کوردستان و لە بناری چیای زەواڵیدا لەدایك بووم، وەك یەکێك لە «سەرچاوە» گەورەکانی فیکریی جیهانی دەردەکەوێت. من هێشتا لە دایك نەبووم کە ئەو لە ساڵی ١٩٦٦دا کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (شۆڕش لە نێو شۆڕشدا) بڵاو کردەوە، کتێبێك کە دواتر دەبێت بە «کیتابی موقەدەسی» شۆڕشگێڕەکانی جیهان.

ساڵی ١٩٧٤، من تەنها تەمەنم سێ ساڵ بوو، هێشتا زمانم نەگرتبوو، بەڵام ئەو لە ئەمریکای لاتینەوە دەگەڕێتەوە پاریس. ئەمریکای لاتین، سەرزەمینێك کە رێجیس دوبرێ و چێ گیڤارا پێکەوە فیکر و بەرنامەی شۆڕشی بۆ دادەنێن و پێکەوە بەرەیەکی ئەنتەرناسیۆنال بۆ رزگاری گەلانی چەوساوە دروستدەکەن. ئەو پاش چوار ساڵ لە زیندانی بۆلیڤیاییەکان، پاش مەرگی چێ گیڤارای هاوڕێی، دەگەڕێتەوە پاریس و ئەمجارە لەگەڵ فرانسوا میتێران ـدا بەرنامەی کۆکردنەوەی چەپەکانی فەرەنسا و پاشان بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و گەیشتن بە دەسەڵات دادەنێن.

ساڵی ١٩٧٩، من تەمەنم تەنها هەشت ساڵە و لەنێو بەلەمێکدا و بەنێو دەریاچەیەکدا، رژێمی بەعس ناچارم دەکات گوندەکەم بەجێبێڵم و لەگەڵ خانەوادەکەمدا رێگەی هات و نەهاتی ناوچەیەکی نادیار بگرمەبەر، بەڵام ئەو لەو ساڵەدا، دوور لە جیهانە بچووکەکەی ئەو منداڵەی کە ئێستا بەرامبەری دانیشتووە، رووداوێکی گەورەی جیهانی و سەرلەنوێ دروستدەکاتەوە، کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی کتێبە هەرە جوانەکەی بە ناوی «دەسەڵاتی رۆشنبیر لە فەرەنسادا»، کتێبێك کە تائێستاش، وەك یەکێك لە شاکارە گەورەکانی فەرەنسییەکان تەماشادەکرێت.

رێجیس دوبرێ، ئەرستۆ جوانەکەی فەرەنسا، ئەو کەسەیە کە نایەوێت تەنها دەقەیەك لە تەمەنی بەهەدەر بدات. من هێشتا دانەنیشتووم، یەکسەر بەخەندە گەورەکەیەوە، رووم تێدەکات و دەڵێت :»کوردستان لە چرکەساتێکی مێژوویی زۆر گەورەدا دەژی. چرکەساتێکی دەگمەن لە مێژووی ئێوەدا. ئێوەیەك کە میدیاکان وەك پاڵەوان و پارێزەر دەتانخەنە سەر شانۆ سیاسییەکان. پاڵەوانی موقاوەمەتی «داعش» لەلایەك و پارێزەری کەمینەکان لەلایەکی دیکەوە.

بێگومان من دەزانم رێجیس دوبرێ باس لەچی دەکات و دەیەوێت چیم پێبڵێ. لەو چرکەیەدا کە دەمەوێت گوزارشت لەخۆم بکەم، دوو مێژوو بە خێرایی بە یادەوەریمدا تێدەپەڕن، مێژووی ئەوێکی گەڕاوە لە جەهەنمی شۆڕش و مێژووی منی گەڕاوە لە جەهەنمی جەنگەکانی دیکتاتۆر.

- راستە کوردستان بە چرکەساتێکی مێژووییدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەم چرکەساتە پڕە لە قەیران، لە ئاڵۆزی، لە توندوتیژی. هەر مامەڵەیەکی هەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیەدا، دەکرێت کارەساتی گەورەی لێبکەوێتەوە.

رێجیس دوبرێ بە یەکێك لەو فەیلەسووفە هەرە مەزنانە ناسراوە کە دەزانێت چۆن گوێ لە بەرامبەرەکەی دەگرێت. ئەو چەند خاوەنی پەروەردەیەکی راقییە، هێندەش راشکاوانە قسەی خۆی دەکات:

- ئێوەی کورد مافێکی ئاسایی خۆتانە کە لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیدا، هەموو رێگەکان بگرنەبەر. بەڵام یەکێك لە تراژیدیاکانی ئێوە ئەوەیە کە، لەم ساتەوەختە مێژووییەدا و لەسەر ئەم شانۆ سیاسییە جیهانییە، چەند وەك پاڵەوان و پارێزەر دەردەکەون، هێندەش وەك نوکی رمی ئەوروپا لەبەرامبەر دوژمنەکانی خودی ئەوروپادا دەردەکەون. ئەم وێنەیەی ئێوەی کورد، شمشێری دەستی رۆژئاوا، خۆی لە خۆیدا گرفتێکی گەورەیە. بۆ لەناوبردنی شەیتان، هەموو رۆژئاوا پشتی بە ئێوە بەستووە.

**گەڕانی کورد بە دوای مافە سیاسییەکانی خۆیدا، گەڕانێکی شەرعییە و کەس مافی ئەوەی نییە رووبەڕووی ببێتەوە**

**فەرەنسا شانسێکی گەورەی هەیە کە لە ناوچەکەدا سوپایەکی کوردی هەیە و خۆی بە دۆستی دەزانێت**

**فەرەنسا و ئەمریکا دەبێت هێزەکانیان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش، نەک وەک جەندرمەی جیهانی مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکەن**



**باشتر وایە فەرەنسا لە بری بەشداریکردنی جەنگ، سوپای کوردی پڕچەک بکات بە هەموو جۆرە چەکێک، بە فڕۆکەشەوە و یارمەتی کوردەکان بدات کە سوپایەکی نیزامی دروست بکەن تا بتوانن جەنگەکانی خۆیان بکەن**

بێگومان لەناوبردنی شـــەیتانی داعش فەرمانێکی هەنوکەییە. بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە شەیتانێکی دیکەش لێرەیە، شەیتانێکی گەورەتر کە ئەمریکایە. بـــە درێژایی مێـــژووی ئەزموونەکانـــم، من فێری ئـــەوە بووم کە هەرگیز متمانە بـــە ئەمریکا نەکەم، کە هەمیشـــە بە گومانەوە لە هـــەر جووڵانەوەیەکی ئەمریکا بڕوانم. لـــە کاتێکدا ئێوەی کورد، ئەمریکا وەك فریادڕەس تەماشـــادەکەن، من وەك ئەژدیهایەك تەماشای دەکەم.

لێرەدا دیســـانەوە بێدەنگی دەشـــکێنم و هەوڵدەدەم دیوێکی دیکـــەی ڕووداوەکان بە دوبرێ بناســـێنم، بەتایبەتی لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ مێژووی خودی فەرەنساوە. بەڵام ئەو دەڵێت:

- ئەوەی کە ئێوە دەیلێن، ڕەنگە پەیوەندی بە کات و شـــوێن، هەلومەرج، بارودۆخێکی دیکەوە هەبێت. بامن نموونەیەکی خێراتان بۆ باس بکەم، نموونەیەك کە ئێوە بەچاکی لێی تێدەگەن. لە ســـاڵی ١٩٤٥دا، فەرەنســـای ژەنەراڵ دو گۆل، دەســـتی دەخاتە نێو دەســـتی ســـوپای ئەمریکییەوە بـــۆ ڕزگاربوون لە هەژمونی ئەڵمانی نازی. ئازادیخوازەکانی فەرەنسا، نەك هەر باوەشیان بۆ سەربازە ئەمریکییەکان کردەوە، بەڵکو تائێستاش ســـاڵ بە ساڵ مەدالیای زێڕینیان پێدەبەخشن. لە ئێستادا گەلی کورد، لە بەردەم هێرشی وەحشـــییانەی گرووپێکدایە کە هیتلەر فریشتەیە لە بەرامبەریاندا. لە نێو هەلومەرجێکی ئاوادا، پێموایە چەند شـــەرعی بوو بۆ فەرەنسای ژەنەراڵ دیگۆڵ کـــە بۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەی ئەڵمانیای نازی باوەش بۆ ســـوپای ئەمریکا بکاتەوە، هێندەش شەرعییە بۆ گەلی کورد کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەژدیهاکانی داعش، باوەش بۆ ســـوپای ئەمریـــکا بکاتەوە. بە دیوێکی دیکەدا، دەکرێت بڵێین: چەند ئەمریکا کورد بەکار دەهێنێت بـــۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، کوردیش هێندە ئەمریـــکا بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت.



ڕێجیس دوبرێ، کە دەستی لە ژێر چەناکەیدا دانابوو، بەشێوەیەکی خێرا ئاوڕ بۆ لای ڕاستی دەداتەوە و نیگایەك دەگرێتە دوو پۆرترێتی بچووکی شارل دیگۆڵ و لینین و پاشان بە خێرایی ڕستەکەم لێوەر دەگرێت :

- ئەگەر من لە ئێستادا کورد بوومایە، ڕێك وەك تۆ قسەم دەکرد، ئەگەر کورد بوومایە ڕێك هەمان هەڵوێستم لە سەر ئەمریکا دەبوو. گەڕانی کورد بە دوای مافە سیاسییەکانی خۆیدا، گەڕانێکی شەرعییە و کەس مافی ئەوەی نییە ڕووبەڕووی ببێتەوە، بەڵام من ئێستا لە هەلومەرجی ئێوەی کورددا ناژیم، من هەمان ڕابردووی ئێوەم نییە، من لە نێو هەمان هاوکێشەی هێزی ئێوەدا نیم. ئێوە بە عەینەکی کوردی و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەتانەوە ئەمریکا دەخوێننەوە. بەڵام من بە عینەکی دیکە و لە ئاستێکی دیکەدا دەیخوێنمەوە. من پێموایە، ئەمریکا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە هەر شوێنێك دەستێوەردانی سەربازی کردبێت، گرفتی گەورەی دروستکردووە، جەنگی ناوخۆی بەرهەمهێناوە و وڵاتی کاولکردووە و ڕووبارێك خوێنی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە. تەماشاکە، سۆمال پاش دەستێوەردانی ئەمریکا چی بەسەر هات، ئەفغانستان چی بەسەر هات، عێراق چی بەسەر هات. ڕاستە ئێوەی کورد قازانجی گەورەتان لە داگیرکردنی عێراق کرد و ئەمەش مافێکی سەرەتایی خۆتانە، بەڵام نیو ملیۆن بەشەر بوون بە قوربانیی داگیرکردنی عێراق. سەدام حوسێن دیکتاتۆرێکی گەورە بوو، دەکرا بە ڕێگەی دیکە لە ناو ببرایە، نەك بەم شێوەیەی کە ئێستا عێراقی تێکەوتووە.

دەمەوێت لێرەدا دیسانەوە موداخەلە بکەم، چونکە پێموایە ئەم پێشنیارە کە بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفە فەرەنسیەکان دەیکەن، چەند لە ئاستی تیۆریدا جوان بێت، هێندەش لە ئاستی پراکتیکدا گرفتاوییە، لە بەر ئەوەی کاتێك کە شەیتانی بەعس بە هەموو

**ئەمریکا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە هەر شوێنێک دەستوەردانی سەربازی کردبێت، گرفتی گەورەی دروستکردووە، جەنگی ناوخۆی بەرهەمهێناوە و وڵاتی کاولکردووە و ڕووبارێک خوێنی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە**

**ئێوەی کورد مافێکی ئاسایی خۆتانە کە لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیدا، هەموو ڕێگەکان بگرنەبەر. بەڵام یەکێک لە تراژیدیاکانی ئێوە ئەوەیە کە، لەم ساتەوەختە مێژووییەدا و لەسەر ئەم شانۆ سیاسییە جیهانییە، چەند وەک پاڵەوان و پارێزەر دەردەکەون، هێندەش وەک نوکی ڕمی ئەورووپا لەبەرامبەر دوژمنەکانی خودی ئەورووپادا دەردەکەون**

جۆرە چەکێکەوە پەلاماری گەلێکی بێ چەك دەدات، ئەنفالی دەکات، کیمیاوی بەسەردا دەڕژێنێت، کامەیە ئەو ڕێگەیەی دیکە، جگە لە دەستێوەردانی سەربازی دەرەکی، کە دەتوانێت بمانگەیەنێتە نێو هەلومەرجی لەناوچوونی شەیتان. با نموونەی ئێستات بۆ باس بکەم. گەر ڕەفالی فەرەنسی (بەهێزترین فڕۆکەی فەرەنسیە کە ئێستا بۆردومانی داعش دەکات) و فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا نەبن، چۆن دەتوانین ڕێگە بگرین لەوەی کە شەیتانەکانی داعش سەرلەنوێ گەلی کورد ئەنفال نەکەنەوە؟

هەڵوێستی ڕێجیس دوبرێ لەسەر ئەم پرسە گرنگە:

- من نایشارمەوە کە پێموایە بەشداری ئێستا فەرەنسا لە جەنگی داعش هەڵەیە. جۆری بەشداریکردنەکە هەڵەیە. بۆ فڕۆکەوانێکی فەرەنسی بڕوات لە موسڵ بۆردومانی داعش بکات؟ گەر بڕیار بێت ئەم جەنگە جەنگی کوردەکان بێت، کە دۆستی ڕۆژئاوان، دژ بە داعش، کە دوژمنی مرۆڤایەتین، ڕۆڵی فەرەنسا دەبێت بەجۆرێکی دیکە بێت، نەك هەموو سوپای فەرەنسا مۆبیلیزە بکرێت. باشتر وایە فەرەنسا «ڕەفالەکانی» بە کورد بدات، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە جەنگی خۆیان بکەن، نەك ئێمە لە بری ئەوان جەنگ بکەین. باشتر وایە فەرەنسا لە بری بەشداریکردنی جەنگ، سوپای کوردی پڕچەك بکات بە هەموو جۆرە چەکێك، بە فڕۆکەشەوە و یارمەتی کوردەکان بدات کە سوپایەکی نیزامی دروست بکەن تا بتوانن جەنگەکانی خۆیان بکەن، نەك ئەمریکی و فەرەنسی و ئەڵمانی لەبری ئەوان جەنگ بکەن. سەرۆکی کۆماری فەرەنسا، لە ژێر کاریی شەپۆلە عاتیفییەکاندا بڕیاری تێوەگلانی فەرەنسای دا. گەرنا ئەم بڕیارە هیچ پەیوەندییەکی بە پێوەرە عەقڵانییەکانەوە نییە.

ئەم لێکدانەوانەی ڕێجیس دوبرێ لە ئاستێکی گرنگدا ڕاستن، بەڵام پێموایە چەند ئاستێکی دیکە هەن، کە دەکرێت ڕوون بکرێنەوە.واتە ڕاستە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە بەشێکی زۆر لە بڕیارە سیاسییەکان لە ناوچەکانی سۆزدا دروست دەکرێن. بەڵام ئەم بڕیارەی فرانسوا هۆلاند، پێش هەموو شتێك پەیوەندی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی فەرەنساوە هەیە. لەسەر ئاستی ئابووری، سەدان ملیار دۆلاری فەرەنسا لە کوردستانی عێراقدا خراونەتە بەرهەمهێنانەوە، لەسەر ئاستی ئاسایش، زیاتر لە هەزار فەرەنسی لە ڕیزەکانی داعشدان و گەڕانەوەیان بۆ فەرەنسا کارەساتی گەورە دروست دەکات، لەسەر ئاستی مێژوویی، فەرەنسا خۆی بە دۆستی هەمیشەیی کورد دەزانێت، لەسەر ئاستی ئایینی، فەرەنسا




مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات دەپارێزێت، هەموو ئەمانە لە دروستکردنی بڕیاری سەرۆك کۆماردا بەشداری دەکەن.


ڕێجیس دوبرێ ڕاستەوخۆ وەڵام دەداتەوە:


- هەموو ئەمانە ڕاستن، بەڵام هیچ یەکێك لەم ڕەگەزانە لەو ئاستەدا نین کە جمهووریەتی فەرەنسی بخەنە ژێر هەڕەشەوە، تا فرانسوا هۆلاند دۆخی جەنگ ڕابگەیەنێت. ناکرێت لەپێناوی لەناوبردنی چەند «لادەرێکدا»، جەنگ ڕابگەیەنین و سوپا بانگ بکەین. ئەمە ئیشی دەزگاکانی پۆلیس و هەواڵگرییە، نەك سوپا. پاشان مایەی شەرمەزارییە کە فەرەنسا بەم شێوە لاوازە بەشداری دەکات و دەردەکەوێت. ئێمە بە دوو ڕەفالەوە دەتوانین چی بکەین؟ بەڵام بە دیوێکی دیکەدا فەرەنسا شانسێکی گەورەی هەیە کە لە ناوچەکەدا سوپایەکی کوردی هەیە و خۆی بە دۆستی دەزانێت. تۆ لە بری ئەوەی فەرەنسا بە دوو ڕەفالەوە وەك هێزێکی کۆلۆنیالیست بخەیتە سەر شانۆی جیهان، باشترە لە پشت کەوالیسەکانەوە، هاوکاری سەربازی و سیاسی و ماڵی ئەم سوپا دۆستە بکەیت، بەبێ ئەوەی کە پێویستت بە خۆ ڕووتکردنەوە هەبێت. کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمریکا و فەرەنسا تێبگەن لەوەی کە چیدی جەندرمەی جیهان نین. ئێمە شتێکمان هەیە بە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ناوی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم جۆرە جەنگانە، دەبێت لەم دەزگا شەرعییەدا بڕیاری لەسەر بدرێت. فەرەنسا و ئەمریکا دەبێت هێزەکانیان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش، نەك وەك جەندرمەی جیهانی مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکەن. سبەینێ کتێبێکم دەکەوێتە بازاڕەوە، بەناوی «چی لە ڕۆژئاوا ماوەتەوە ؟»، لەم کتێبەدا بە درێژی گەڕاومەتەوە سەر ئەم مەسەلە گرنگانە.


من ئێستا دەبێت بڕۆم، لەوە زیاتر ناتوانم بەردەوامبم، چونکە مەوعیدێکی دیکە چاوەڕێم دەکات. ئەویش دەبێت بڕوات، مەوعیدێکی دیکە چاوەڕێی دەکات.


ئێمەیەك کە لە دوو زەمەنی جیاوازدا هاتینە دنیاوە، ئەو ساڵی ١٩٤٠ لە پاریس، من ساڵی ١٩٧١ لە بناری چیای زەواڵی، کە لە دوو مێژووی سیاسی جیاوازدا دروست بووین، ئەو منداڵی سەردەمی بەرەنگاری دژ بە هیتلەر، من منداڵی سەردەمی بەرەنگاری دژ بە سەدام، هەروەك چۆن بۆ ماوەیەکی خێرا کۆبووینەوە، ئاواش بە خێرایی لە یەك جیابووینەوە.























## لارس ئەندرسۆن

### تویژەری باڵا لە ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# لە هەرێمی کوردستاندا هەموو بنەمایەکی دەوڵەتی سەربەخۆ بوونی هەیە و راگەیاندنی دەوڵەت تەنها پەیوەستە بە کاتەوە

پرۆفیسۆر لارس ئیرسلف ئەندرسۆن ئێستا توێژەری باڵایە لە سەنتەری دانیمارك بۆ دیراسەتی نێودەوڵەتی و سەرۆکی بەشی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئاسایش و مەترسیی تیرۆریزم لە ناوچەکە و عێراق.

پرۆفیسۆر ئەندرسۆن لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە کار لەسەر رەوشی عێراق دەکات و لە پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدانی دیموکراتی لە عێراقدا بەشدار بووە و، دوای رووداوەکانی مانگی ئابی رابردوو و هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، سەردانی هەولێری کردووە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە رەوشی کوردستان ئاگادار بێت و توێژینەوە بکات، گۆڤاری گوڵان لە میانەی مانەوەی پرۆفیسۆر ئەندرسۆن لە کوردستان ئەم وتووێژەی لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.




# ئەوەی داعش بەرامبەر کوردانی ئێزدی کردی ژینۆسایدە

*** ئێوە زیاتر بەوە ناسراون کە بایەختان بە مێژووی فیکر داوە، ئەمەش زیاتر بواری فەلسەفە دەگرێتەوە، بۆیە لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین، چۆنە ئێستا ئێوە لە کوردستانن و توێژینەوە لە سەر شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکەن؟**

- ئەوە راستە من مێژووی ئایدیاکانم خوێندووە کە ئەمەش زیاتر فەلسەفە دەگرێتەوە، بەڵام دواتر دەستم کرد بە دیراسەتکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زەمالەم وەرگرت و سەردانی تونس و ئیماراتم کرد بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و دواتر بۆ ماوەی پێنج ساڵ توێژەر بووم لە سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دانیمارك و بوومە سەرۆکی سەنتەرەکە بۆ ماوەی ١٠ساڵ، دوای ئەوە لە زانکۆی (مونترا ئەنیستیتوت)ی ئەمریکی زەمالەیەکی نوێم بۆ خوێندن لەبواری ئاسایش و تیرۆریزم بۆ هات، ئەم زانکۆیە کە خۆی لە کالیفۆرنیایە، نووسینگەیەکیان لە واشنتۆن هەیە، من ماوەی چوار ساڵ و نیو لەو نووسینگەیە توێژینەوەم لەسەر ئاسایش و تیرۆریزم کردووە، لە توێژینەوەکانمدا شیکاری و جەختم لەسەر مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و گەیشتنیان بە دەستی گرووپە تیرۆریستەکان کردووە. کەواتە لەو کاتەی باکگراوەندی من فەلسەفە بوو، لە هەمانکاتدا بوومە پسپۆڕیش لە گەشەپێدانی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا. بۆ چەندین ساڵ خەریکی نووسین بووم لە بارەی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** کەواتە توێژینەوەتان لەسەر کارەساتی تیرۆریستیی ١١ی سێپتەمبەر و گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رەوشی سیاسی کردووە؟**

- بە دڵنیاییەوە بەدواداچوونی پەرەسەندنەکانی دوای ١١ی سێپتەمبەرم کردووە، لەگەڵ هەوڵەکانی بەرپاکردنی شۆڕشێکی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە رێی هێرشکردنە سەر عێراق و رزگارکردنی عێراق لە سەدام حوسێن. پێموابوو دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ لە عێراق شتگەلێکی زۆر هەن کە مایەی نیگەرانین و شایستەی ئەوەن لە بارەیانەوە بنووسرێت، چونکە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ کەس نەیدەویست باسی عێراق بکات و ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بوو، ئێستاش لە ئەنستیتۆتێکی دانیمارکی داوام لێکراوە چەند راپۆرت لەبارەی رەوشی ئێستاوە ئامادە بکەم، چونکە من چاودێری رەوشەکەم دەکرد و پێشبینی ئەم تراژیدیایەشم کردبوو، ساڵێك پێش ئێستا من مەترسی گەورەم بەدی کرد لە درێژبوونەوەی ئەلقاعیدە لە پارێزگای ئەنبارەوە بەرەو سووریا کە ئێستا پێی دەگوترێت: دەوڵەتی ئیسلامی داعش کە هەمان شتە. هەربۆیە دوای ئەوەی لە مانگی رابردوو داعش هێرشی کردە سەر کوردستان و پاشانیش وڵاتەکەم دانیمارك بەشداری لەو شەڕە کرد، بڕیارم دا بێمە کوردستان و بۆ ئەوەی تێڕوانینی خەڵك بزانم.

*** وێڕای ئەوەی دەتزانی داعش هێرشی کردووەتە سەر کوردستان، چۆن بوو بڕیارت دا بێیتە کوردستان و لە ئێستادا رەوشی سەقامگیری ئاسایشی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- سەرەتا کە بە بەڕێوەبەرەکەم و هاوەڵەکانم گوت: دەچم بۆ هەولێر، پێیانوتم: مەڕۆ لەبەر ئەوەی رەوشەکە بە هۆی شەڕی داعشەوە زۆر مەترسیدارە. لەمەش زیاتر کە رێنمایی گەشتکردنی دانیمارك و بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکەشم خوێندەوە، هەموویان باسی ئەوەیان دەکرد سەفەر بۆ هەولێر مەکەن، چونکە بارەکە زۆر مەترسیدارە، هەتا ئەگەر چوویتە ئەوێش دەبێت بە زووترین کات بەجێی بهێڵیت، بۆیە بەپێی ئەو رێنماییانەی من لە دانیمارك دەمخوێندەوە، سەفەرکردن بۆ هەولێر وەك سەفەرکردن بۆ سۆماڵ وابوو، بەپێی رێنماییەکان پێیانوتم ئەگەر هەر سووریت لەسەر ئەوەی بچیت بۆ هەولێر، باشترە پاسەوانێك بۆ خۆت بگری بۆ ئەوەی پاسەوانیت بکات، هەروەها بەڕێوەبەرەکەم وتی: ئەگەر بڕیارت داوە، هەر بچیت، ئەوا ئێمە خەرجی پاسەوانت بۆ دابین دەکەین. دواتر نامەیەکی ئەلکترۆنیم بۆ هاوڕێم خالید ساڵح (سەرۆکی زانکۆی کوردستان لە هەولێر) و کەسێکی دیکە نارد، ئەوان دڵنیان کردمەوە هەولێر ئارام و سەقامگیرە و هیچ مەترسییەك نییە، ئێستاش چەند رۆژە لێرەم و دەبینم بارودۆخەکە ئارام و سەقامگیرە.

*** بەو پێیەی لە ئێستادا توێژینەوە لەسەر تیرۆریزم و سیاسەتی ئاسایش و بەرگری دەکەیت، ئایا پێشتر سەردانی ئەو ناوچانەت کردووە، کە نائارام بوون و تیرۆریستان لێی نزیك بوون؟**

- من پێشتر سەردانی (ئیسلام ئاباد)م کردووە، لەو کاتەدا سوپای پاکستان لەگەڵ رێکخراوی تاڵیبان لە شەڕێکی سەختدا بوون، شەقامەکانی ئیسلام ئاباد چۆڵ بوون، دووکان و بازاڕەکان هەموویان داخرا بوون، بۆیە هەموو کەس ترسی ئەوەی هەبوو بکەوێتە دەست تیرۆریستان و بکرێتە بارمتە، پاشان بە رێگەی یوتوب وێنەی ئەو بارمتانەمان دەبینی کە کەوتبوونە دەستی تیرۆریستان، بۆیە پێش ئەوەی بێمە هەولێر، هاوەڵەکانم پێیاندەگوتم: نامانەوێت وەك بارمتەی دەستی تیرۆریستان بتبینین. بەڵام ئێستا لە هەولێرم و بێجگە لە هەولێر سەردانی چەند ناوچەیەکی دیکەشم کردووە، ئەوەی تێبینم کردووە، بارودۆخی هەولێر زۆر جیاوازە لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراق، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە خەڵکی کوردستان مەبەستیانە پەرەپێدانی هەرێمەکەیان بەردەوام بێت.

**داعش کەسانی ئایینی و موسڵمان نین، ئەوان تاوانکار و چەتەن و ژینۆساید و کاری زۆر قێزەون ئەنجام دەدەن**

**باشترین شتێک کە بکرێت، بریتییە لە بەرپابوونی شۆڕشێک لە ناو ئەو ناوچە عەرەبە سوننەنشینانەی کە ئێستا لە ژێر دەستی داعشدان**

*** هەڵوەستەت لەسەر ئەوە کرد کە خەڵکی کوردستان مەبەستیانە پەرەپێدان بەردەوام بێت، ئایا چۆن ئەم هەستەت لادروست بووەو، چۆن سەیری پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەکەیت؟**

- ئەوەی من لەم چەند رۆژە هەستم پێکردووە، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان وێڕای هەموو ئاستەنگەکان، چاویان لە ئاییندەیە و دەیانەوێت جڵەوی چارەنووس لە دەستی خۆیاندا بێت و تێڕوانینێکی پتر پراگماتیکیان هەیە و زیاتر ئامادەی هاوکاری کردنن. بەڵام پرسیاری گرنگ کە لای من دروست بووە، ئەوەیە ئایا کوردستان سەربەخۆ دەبێت؟ پێموایە کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ هەتا ئێستا هەنگاوی گەورەی بەرەو سەربەخۆیی هەڵگرتووە، لە ئێستاشدا چەندین بونیادتان دامەزراندووە کە دەتوانن دەوڵەتی خۆتان بەڕێوە ببەن، بەربەستێکی سەرەکیش تورکیا بوو، بەڵام ئێوە دەستتان کرد بە دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ تورکیادا، بەربەستێکی دیکە هەبوو کە پەکەکە بوو، کە تورکیا لەوە دەترسا نەوایەکی ئارامی هەبێت لەوێدا، ئێستاش تورکیا لە گفتوگۆدایە لەگەڵ پەکەکە، لەبەر ئەوە رەنگە تورکیا ئەوەند ترسی نەبێت لە کوردستانی عێراق. هەتا پێش مانگی ئاب کە داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، زۆر کەس پێی وابوو هەرێمی کوردستان ناتوانن لەگەڵ بەغدا بگەنە رێککەوتن لەسەر بودجە و نەوت و مووچەی پێشمەرگە، هەروەها چەندین کۆمپانیا لە کوردستان هەن کە پەرە بە پیشەسازی نەوت دەدەن، بۆیە بۆچوونەکان بەوجۆرە بوون کوردستان دەبێت رێگەی خۆی بگرێتەبەر و چاوەڕێی بەغدا نەکات. بەڵام دوای هێرشەکانی داعش پرسی سەربەخۆیی بۆ هەرێمی کوردستان هەم پەرەی پێدرا و هەم خاوبوونەوەی بە خۆوە بینی. پەرەی پێدرا لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی داعش هێرش بکاتە سەر کوردستان، بەوجۆرە سەیری داعش دەکرا، کە ئەمە دەرهاوێشتەی کێشەی نێوان شیعە و سوننە و نێوان بەغدا و بەسرەیە لەبەرامبەر فەللوجە و ئەنباردا، هەڵوێستی کوردستانیش ئەوە بوو کە سنوورەکانی خۆی بپارێزێت و خۆی بەدوور بگرێت. هەروەها هەموو ئەو دەوڵەتانەی وەك ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و هۆڵەنداو ئیتاڵیا و فەرەنساش، بێجگە لەوەی باڵیۆزخانەیان لە بەغدا هەیە، لە هەمانکاتدا نوێنەرایەتیشیان لە هەولێر هەیە، بۆیە کاتێك دەچنە بەغدا سەردانی هەولێریش دەکەن، هەتا جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی هەولێری کرد، هێندەی من بزانم سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان بە سەرکردەکانی کوردستانی گوتبوو، ئەم پرسە ئاساییە بەڵام کاتەکەی گونجاو نییە. ئەمە لێکدانەوەی منە، ئەم هەرێمە دەیەوێت بچێتە بەغدا و بڵێت ئێمە ئاوێتە دەبین و ئێمە ئەم کارە دەکەین و با گفتوگۆ بکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو بونیادێك دروست دەکات بۆ ئەوەی بە تەنها رێگەی خۆی بگرێتەبەر و دەڵێن ئەگەر لەگەڵ بەغدا بە ئەنجام نەگەیشتین، ئەوا رێگەی خۆمان دەگرینەبەر، من وای دەبینم.

*** دوای هێرشەکانی داعش بۆسەر کوردستان، دانیمارك یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی ئامادەباشی پیشاندا بۆ ئەوەی هاوکاری پێشمەرگە بکات، ئایا وڵاتی دانیمارك رۆڵی لە یارمەتی مرۆیی و سەربازیدا چەند بووە؟**

- راستەوخۆ لە دووەم هەفتەی مانگی ئابدا دانیمارك هاوکاری مرۆیی گەیاندە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران. هەروەها هاوکاری کرد لە گواستنەوەی سەربازیدا لە رێی فڕۆکەی بارهەڵگری C١٣٠. هەروەها لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەرۆکی وڵاتان پێشبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی بە خراپترین شێوە وەسفی هێزی شەڕانی و تاریکی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بکەن و ئەمریکا ویستی هاوپەیمانێتیەکی بەربڵاو پێکبهێنێت و داوای لە دانیمارك کرد بەشداری بکات و دانیمارکیش هەفتەی رابردوو بڕیاری دا حەوت فڕۆکەی شەڕکەر و ١٤٠ کەسیش بۆ کارەکانی تایبەت بەو فڕۆکانە دابین بکات. دانیمارك نوێنەرایەتی لە هەولێر و لە بەغداش نییە، راستە باڵیۆزمان هەیە لەوێ، بەڵام زیاتر لە کۆپنهاگنە و لە بەغدا نییە. پێموایە ئەگەر بەشداری زیاتر بکەن لە هاوپەیمانێتییەکەدا و ئەگەر هاوکارییە مرۆییەکان زیاتر بکەن، کە باوەڕم وایە زیاتری دەکەن و هیوادارم زیاتری بکەن، ئەوا بەلای منەوە دانیمارك باشتر دەتوانێت لە رووی مرۆییەوە هاوکاری بکات، نەك لە رێی پشتیوانی سەربازییەوە. پەرلەمانی ئێمە بڕیاری دا حەوت فڕۆکەی شەڕکەر بەشداری پێ بکات، بەڵام ئەمریکا و هاوپەیمانێتییەکە دەیانەوێت شانی زیاتر بدرێتە بەر ئەم ئەرکە، گەرچی پێویستیشیان بەم فڕۆکە شەڕکەرانە نییە،  باشترە هاوکارییە مرۆییەکان زیاتر بکەن. دانیمارك وڵاتێکی بچووکە و هێندەی کوردستان دەبێت و هەمان رێژەی دانیشتووانی کوردستانی هەیە، ئێمە لە ساڵی ١٨٦٤ـەوە شەڕمان نەبینیوە، راستە لە جەنگی دووەمی جیهانی لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیرکراین، بەڵام ئەوە بە بێ بەرگری بوو، بە هیچ شێوەیەك دەوڵەتی دانیمارك ئەزموونی یاخیبوون، یان شەڕی ناوخۆیی نەبووە، ئیتر چۆن بچین بۆ ئەفغانستان، یان شوێنیکی دیکە و دۆخەکە بە هێزی سەربازی چاك بکەین؟

*** پسپۆڕان پێیانوایە هۆکاری سەرەکیی هێرشەکانی داعش، دەرهاوێشتەی حوکمڕانیی خراپ و دەوڵەتی فاشیلی عێراق و سووریا بووە، ئایا تۆش هەروا سەیری دەکەیت، یان تێڕوانینێکی جیاوازت هەیە؟**

- پێموایە لە بنەڕەتدا هۆکاری دروستبوونیان لە عێراقدایە، بە ئیسلامیزەکردنی یاخیبوون لە سووریا لە

**پارەیەکی زۆرە بە ناوی خێرخوازییەوە لە گرووپە دەوڵەمەندەکانی وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداوەوە بە دەستی داعش دەگات و جاری وا هەیە ملیۆنێک دۆلار لە جانتایەکدا و لە رێی تورکیاوە بەدەستیان دەگات**

**داعشییەکان چاویان لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی نەوت و ئاوە، ئەوانەیان پێویستە لەبەر ئەوەی دەوڵەتێک بەڕێوەدەبەن و پارە بە شەڕکەرەکانیان دەدەن. ئەگەر دەستیان بە سەرچاوەکاندا رانەگات، وەک نەوت و ئاو و کشتوکاڵ، ئەوا پەکیان دەکەوێت**

عێراقەوە دەستی پێکرد، کەواتە کێشەکە عێراقە، بەدڵنیاییەوە دەبوو کاری زیاتر لە سووریا بکەن، لەبەر ئەوەی بەرەی ئەلنوسرە دروستکراوی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستە لە عێراق، ئەوان دروستیان کرد و زۆرێك لە جیهادییەکان لەوێوە هاتن. هۆکاری دامەزراندنی بەرەی ئەلنوسرە بۆ ئەوە بوو جیهادییەکان لە عێراقەوە نەچن بۆ سووریا، ئەمە بنەمای بۆچوونی ئەبوبەکری بەغدادی بوو، بۆیە بەرەی نوسرە دەستکردی بەغدادی بوو، مەبەستی من ئەوەیە بڵێم: ئەمە دەرهاوێشتەی سووریا نییە لەسەر عێراق، بەڵکو مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە. ڕەنگە ئێوە لەمن باشتر چیرۆکی چۆنیەتی ئیدارەدانی داگیرکاری عێراق بزانن و من دەتوانم لێرەدا باس لە کوندۆلیزا رایس بکەم کە ئەوان هەزار هەڵەیان کردووە، گەورەترین هەڵە هەڵوەشاندنەوەی سوپا و هەڵوەشاندنەوەی هێزی پۆلیسی عێراق و هەروەها پرۆسەی ریشەکێشکردنی بەعس بوو، دوای بۆردومانەکە هیچ وەزارەتێك نەمابوو، -تەنها وەزارەتی نەوت مابوو-، سەرچاوەی مرۆیی نەمابوو، خەڵکانێك نەمابوو دەوڵەتەکە بەڕێوە ببەن، لەبەر ئەوە خەڵکانێك لە دەرەوە هاتن و هیچ زانیارییەکیان لەبارەی عێراقەوە نەبوو، کە ڕەنگە هەرگیز لە عێراقدا نەبووبێتن، یاخود بۆ ماوەی سێ ساڵ پێشتر لە عێراقدا نەبووبێتن و ئینجا ئەمریکییەکان هاتن و وتیان ئێمە بەڕێوەی دەبەین، بەڵام نەیانتوانی.

*** پێشتر بەشداریت لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق کردووە، بۆچی پرۆسەی بونیادنانی دیموکراتی لە عێراق سەرکەوتوو نەبوو؟**

- لەبەر ئەوەی باری عێراق سەقامگیر نەبوو، لەساڵی ٢٠٠٥ من لە عەممان بووم و وانەم بەو کەسانە دەوتەوە کە بڕیار بوو بایەخ بە بەڕێوەبردنی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی بدەن لە عێراقدا. ئەوانەی نێردرابوون بۆ ئەو خولە ئافرەتی عێراقی بوون، هەموویان بەشداری هەڵبژاردنیان کردبوو، بەڵام نەیاندەزانی دەنگیان بە کێ داوە و بۆ دەنگیان پێداوە؟ لەبەر ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن نەبوو، کۆبونەوەشیان نەکردبوو، دواتر (جەعفەری)یان هەڵبژارد و توندوتیژی زیادی کرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەبو مەسعەب زەرقاوی و ڕەوتی توندوتیژی زیاتر هەڵکشا و جەعفەریش هیچی پێنەکرا و ئینجا بەهۆی ئۆپەراسیۆنێکەوە- لەلایەن کۆندۆلیزا رایس و وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا- مالیکی خرایە جێگەکەی، دواتر بزووتنەوەی سەحوە دروست بوو، بۆ ئەوەی ئاوێتەی پرۆسە سیاسییەکە بکرێن و میلیشیاکانیان ئاوێتەی سوپای عێراق بکرێت، بەڵام مالیکی و حکومەتەکەی سوپایەکی شیعە و ناوچەیەکی شیعەیان دروست کرد. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠دا ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی ئەلعێراقیە زیاتر لە مالیکی دەنگی هێنا و دەبوو دەسەڵات دابەش بکەن و ڕێککەوتنی هەولێر کرا، بەڵام مالیکی لە تاکڕەوییەکانی بەردەوام بوو، ئەوەش خەڵکانێکی زیاتری لە ناوچە سوننەکان تووڕە و نائومێد کرد، ئەوا حەزیان بە دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو لە عێراقدا و حەزیان بە ئایدیا شێتانەکانی ئەبوبەکر بەغدادی نەبوو، بەڵام هیچ شتێکیان لە بەغداوە دەست نەدەکەوت، لەولاشەوە ئەو هەموو ئەفسەرەی سوپا و ئەو هەموو بەعسییە هەبوون، چییان بکردایە، لەبەر ئەوە کۆبوونەوە و دەستیان بە بڵاوەکردن کرد لە فەللوجە و ڕوممادی و لە ساڵی ٢٠١١ بڕیاریان دا خۆیان لە سووریاوە تێوەبگلێنن، ئەمە باکگراوەندەکەیە. هەروەها دوای ئەوەی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١١دا ئەمریکا لە عێراق کشایەوە، هیچ ڕێککەوتنێکی ئەمنی نەکرا، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی ئەم کارەی نەدەویست و ئۆباماش پێداگیری لەسەر نەکرد. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی داعش هێرشیان کردە سەر ناوچە کوردییەکە، پێموایە ئاشکرایە کە ئەوان بە دوای چیدا دەگەڕێن، داعشییەکان چاویان لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی نەوت و ئاوە، ئەوانەیان پێویستە لەبەر ئەوەی دەوڵەتێك بەڕێوەدەبەن و پارە بە شەڕکەرەکانیان دەدەن. ئەگەر دەستیان بە سەرچاوەکاندا ڕانەگات، وەك نەوت و ئاو و کشتوکاڵ، ئەوا پەکیان دەکەوێت. سەرچاوەی دارایی ئەوانیش بریتییە لە بازاڕی ڕەش و ئەو پارانەی دەیدزن، وەك ئەوەی لە موسڵدا بینیمان، هەروەها ئەو پارانەی کۆی دەکەنەوە، پارەیەکی زۆرە بە ناوی خێرخوازییەوە لە گرووپە دەوڵەمەندەکانی وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداوەوە بە دەستیان دەگات. ڕەنگە ئەمانە کەسانی تایبەت بن، بەڵام بە کاش ئەو پارە خێرخوازیەیان لە جانتادا بەدەست دەگات، بۆ نموونە جاری وا هەیە ملیۆنێك دۆلار لە جانتایەکدا و لە ڕێی تورکیاوە بەدەستیان دەگات، پێم وایە بانکەکانی تورکیاش زۆر هاوکار نەبوون. کەواتە ئەمانە مافیا و چەتەیەکی تاوانکارن و خەڵکانی کارامەن و دەزانن چی دەکەن.

*** ئایا تەنیا هەڵمەتی ئاسمانی بەسە بۆ لە ناوبردنی داعش، یان پێویستە سەرچاوە داراییەکانیان وشك بکرێت؟**

- نەك هەر تەنها لایەنی دارایی، بەڵکو ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕاکێشانی ئەندامی نوێ بۆ ناو ڕیزەکانیان و کۆچکردنەوە، ئەوا بڕیاری نوێی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە هەفتەی ڕابردوودا بۆ دەرچووە و نیشانەکانی بریتییە لە تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکان، کە دەبێت بڕیاری پابەندکار بدەن و ڕێگری بکەن لە پێدانی پارە بە داعش و چوونی خەڵك بۆ ناو داعش، بەڵام کێ گەورەترین دەستەبەرکەرە لەم ڕووەوە؟ بێگومان وڵاتانی ناوچەکە. ئێمە هەمیشە لە دانیمارك باسی ئەمە دەکەین کە ٥٠ کەسی دانیمارك لەگەڵ داعشن، بەڵام کاتێك باس لە ١٥ هەزار کەس دەکەین کە زۆربەیان لە ناوچەکەوە

**دوای هێرشەکانی داعش پرسی سەربەخۆیی بۆ هەرێمی کوردستان هەم پەرەی پێدرا و هەم خاوبوونەوەی بە خۆوە بینی**

**کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ هەتا ئێستا هەنگاوی گەورەی بەرەو سەربەخۆیی هەڵگرتووە، لە ئێستاشدا چەندین بونیادتان دامەزراندووە کە دەتوانن دەوڵەتی خۆتان بەڕێوە ببەن**

**بارودۆخی هەولێر زۆر جیاوازە لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراق، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە خەڵکی کوردستان مەبەستیانە پەرەپێدانی هەرێمەکەیان بەردەوام بێت**



هاتوون و زۆربەی پارەکەشیان لە ناوچەکەوە بۆ دەچێت، هەمان شت بۆ تورکیا راستە کە دەبێت کاری زیاتر بکات بۆ پاراستنی سنوورەکان و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش پێشێل نەکەن و ئەگەر ناشتوانن ئەم کارە بکەن ئەوا یارمەتییان دەدەن بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەن، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم بریتییە لە وڵاتە عەرەبییەکان، سعودیە لە ماوەی ساڵی رابردوو یاخود شەش مانگی رابردوو بە توندی بەدواداچوونی بۆ ئەو پارانە کردووە، چونکە ئەگەر سعودیە بڕیارێکی وا بدات، ئەوا پێویستی بەوە نییە بڕیارێك لە پەرلەمانەوە دەربکات، ئێستاش لە کوەیتدا هەمان شت دەگوزەرێت. ئەوەی پەیوەندی بە بۆردومانەکەوە هەبێت، ئەوا ئەمریکا بۆردومانی پاڵاوگەکانی نەوتی داعش و ناوچە کشتوکاڵیەکانیش دەکات لە سووریا. کەواتە ئەوان پێیانوایە بەم بڕیارە و بەم سیاسەتە و بەم بۆردومانکردنە وەك ئامانجی ستراتیژی دەتوانن دەوڵەتی ئیسلامی لاواز بکەن. بەڵام ئایا ئەم ستراتیژیەتە سەرکەوتوو دەبێت؟ من پێموا نییە سەرکەوتوو بێت. با نموونەیەك بهێنمەوە، ئێمە لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە لە ئەفغانستانین، بەڵام لە کاتی دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێدا تەقینەوە لە کابوڵ رووی دا و هەموو کەس پێشبینی ئەوە دەکات هەر کاتێك ئەمریکا و ناتۆ لە ئەفغانستان کشانەوە، ئەوا شەڕێکی ناوخۆیی گەورەتر دروست دەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە بۆ ١٣ ساڵە لە تاڵیبان دەکوژن و بۆردومانیان دەکەن. ئەوەی پەیوەست بێت بە هێزی زەمینییەوە، ئەوا پێشمەرگە ناتوانێت ئەم کارە بکات، چونکە ئەگەر ژمارەیان ٢٠٠ هەزار کەسیش بێت، ئەوا بەشی ئەو ناوچە بەربڵاوە ناکات کە لە شوێنەکانی ئێوە دەست پێدەکات تاوەکو رەققە، بەڵام ئایا پێشبینی هاتنی هێزی زەمینی ئەمریکا دەکەین؟ پێموا نییە، ئەوەش بکرێ، رەنگە باشترین شتێك کە بکرێت، بریتییە لە بەرپابوونی شۆڕشێك لە ناو ئەو ناوچە عەرەبە سوننەنشینانەی کە ئێستا لە ژێر دەستی داعشدان، وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٧دا کرا کە کاتێك رێژەی هێزەکانی ئەمریکا زیاتر کرا، کە دەبێت رووبکرێتە گرووپە سوننەکان، ئیدی ئەفسەری نائومێدی سوپا بن، یان خود شێخەکان، یان هەر کەسێك بن، پێیان بگوترێت کە ئێوە داهاتوویەکی باشترتان دەبێت، ئەگەر هێرش بکەنە سەر داعش وەك لەوەی هێرش بکەنە سەر هاوپەیمانان، یان سوپای عێراق. بەڵام ئەمە پێویستی بە سیاقێکی سیاسی نوێ و بیرکردنەوەی نوێ لە حکومەتێکی نوێ لە بەغدا دەبێت، ئەوەی پێویستە لە عێراقدا هەبێت وڵاتێکە کە هاووڵاتی تێیدا خاوەن مافی یەکسان بن، ئەمە سەرکەوتوو دەبێت.

*** ئایا ئەو تاوانانەی بەسەر ئێزدییەکاندا هات و ئەو کوشتارەی رووبەڕووی بوونەوە بە ژینۆساید دادەنرێت؟**

- پێموایە رەوایە پێی بوترێت ژینۆساید، پێموایە داعش چەتەن و باوەڕم وا نییە کەسانی ئایینی و موسڵمان بن، چونکە ئەوان تاوانکار و چەتەن و ژینۆساید و کاری زۆر قێزەون ئەنجام دەدەن. ئەوان پەرە بە کەلتووری مەرگ دەدەن لە تێڕوانینی بەغدادیدا تاوەکو کوشتار و پشێویی زیاتر بێت، باشترە، کەواتە بەڵێ ئەمە ژینۆسایدە.

**ساڵێک پێش ئێستا من مەترسی گەورەم بەدی کرد لە درێژبوونەوەی ئەلقاعیدە لە پارێزگای ئەنبارەوە بەرەو سووریا کە ئێستا پێی دەگوترێت: دەوڵەتی ئیسلامی داعش کە هەمان شتە**



## مایکل بۆلەندەر

سەرۆکی دیراساتی بەراوردکاریی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام ( د.خ) رەفتاری داعشی بەرامبەر ئێزدییەکان ببینیایە فرمێسک بە چاوانیدا دەهاتەخوارەوە

**پرۆفیسۆر مایکل بۆلەندەر، سەرۆکی بەشی دیراساتی بەراوردکاریی یاسای تاوانی نیودەوڵەتی لە زانکۆی دۆرهام لە بەریتانیا، رۆژی ٢٩ی ئابی رابردوو لە وتارێکیدا بە ناونیشانی: «پێویستە هیچ دوودڵ نەبین لەوەی تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بە ژینۆساید بناسێنین»، لەو وتارەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر ئێزدییەکان و بەردوامیی هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و بەربەری، پرسێکە نابێت کەمتەرخەمی تیا بکرێت و دەبێت بە زوویی بەرپەرچ بدرێتەوە، لەمەش زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە داعش بە شێوەیەکی مەنهەجی بێ حیسابکردن بۆ هیچ شتێك هاووڵاتی مەدەنی بەئەنقەست دەکوژێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئامادە نین ئایینی خۆیان بگۆڕن، ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەم رەفتارانە بەپێی بەندی دووەمی پەیماننامەی ژینۆساید ١٩٤٨ بە تاوانی شەڕ و دژی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدرێن. بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر مایکل بۆلەندەر کرد و لە میانەی وەڵامەکانیدا بۆ گوڵان رایگەیاند: ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ئەو رەفتارانەی داعشی ببینیایە دەستی دەکرد بە گریان و فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتەخوارەوە.**

*** لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی هێرشە تیرۆریستییەکانی داعشەوە پتر لە ملیۆنێك ئاوارەی ناوخۆیی هەن کە پێکهاتوون لە مەسیحی و ئێزدییەکان و بە سەدان کەس لەو پێکهاتانەش کۆمەڵکوژ کران، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون ببنە ئیسلام، ئایا چۆن جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا رووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە؟ چۆن وەك ژینۆساید سەیر دەکرێت؟**

- رێککەوتنی ژینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ و بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن کە بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتییە داوا لە دەوڵەتان دەکات، هەڵبستن بە رێگەلێگرتن و بەرپێگرتن و سزادانی ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لە کردەوەکانی ژینۆساید، یاخود تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی. ئەوە یاساکەیە. لە هەندێ حاڵەتدا رەنگە کاری پاراستنەکە پێویست بە دەستێوەردانی سەربازی بکات. هەرچۆنێك بێت، واقیعە سیاسییەکە ئەوەیە دەوڵەتان هەمیشە ئامادە نین بودجەیەکی گەورە بۆ سوپا تەرخان بکەن، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەست بکەن رووبەڕووی هەڕەشەلێکردن و مەترسی بوونەتەوە. بەهێزیی یاسای نێودەوڵەتی بەندە بە بەهێزیی ئیرادەی دەوڵەتەوە بۆ جێبەجێکردنی. پۆلیسی جیهانی لە ئارادا نییە. سەبارەت بەم پرسە من لێرەدا ئەو قسەیەی جان جاك رۆسۆ دووبارە دەکەمەوە کە دەڵێت: «من ئەو کتێبانە دەکەمەوە کە باس لە ماف و ئەخلاقیات دەکەن، من گوێم بۆ پرۆفیسۆر و زاناکان دەگرم، و هزرم پڕە لە بیر و باوەڕە سەرنجڕاکێشەکانیان، من سەرسامم بەو ئاشتی و دادپەروەرییەی بەهۆی سیستمی مەدەنییەوە بەدی هێنراون، من پشتیوانی لە ژێریی دامەزراوە سیاسییەکانمان دەکەم و کاتێك درك بەوە دەکەم کە هاووڵاتیم، ئەوا چیتر حەسرەت هەڵناکێشم و بڵێم مرۆڤێکم. بە تەواوەتی و بە پاڵنەری جێبەجێکردنی ئەرکەکانم و بەهۆی دڵخۆشی و خۆشحاڵیمەوە، کتێبەکەم دادەخەم و، لە ژووری وانەکە دێمە دەرەوە و لە دەوری خۆم دەڕوانم. نەتەوە تێکشکاوەکان دەبینم کە کەوتوونەتە ژێر کۆت و بەندی ئاسنینەوە. دەبینم مرۆڤەکان لەلایەن چەند کەسێکی کەمی داپڵۆسێنەرەوە سووکایەتییان پێکراوە، ئاپۆڕایەکی زۆر برسی دەبینم کە نەهامەتی و ئازار و برسێتی شەکەتی کردوون، لە کاتێکدا دەوڵەمەندەکان بە ئاسانی خوێن و ئارەقەی قوربانییەکان دەخۆنەوە. لە هەر لایەکەوە باسکی ئەستوور و دەسەڵاتە مەترسیدارەکانی یاسا دژ بە لاوازەکان دەبینم. لە پەیوەندیدا بەوەی پێی دەڵێن: یاسای نەتەوەکان، ئەوە روونە کە بێ بوونی هیچ سزایەك، ئەم یاسایانە تەنها وەهمێکن و زۆر لاوازترن تەنانەت لە بیرۆکەی یاسای سرووشتی. بەلای کەمەوە

**پێویستە ئەوەندەی دەکرێت جیهان و هەروەها حکومەتی عێراقیش یارمەتی کورد بدەن، لەبەر ئەوەی ئەوان وەک هێڵی بەرگری یەکەمن کە دژی داعش شەڕ دەکەن**

**کورد بوونەتە نموونەیەکی پرشنگدار لە بارەی مانای راستەقینەی ئیسلامەوە، ئەویش کاتێک سەخاوەتمەندانە داڵدە و پەناگەیان بۆ ئاوارە ناموسڵمانەکان کردەوە**

**تا ئەو کاتەی شیعە و سوننە، یاخود باوەڕدارانی ئایینەکانی دیکە شەڕ لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەوا ئاشتی دروست نابێت و نایەتەئاراوە**



ئەمەی دووەمیان رووی لە دڵی تاکە کەسەکانە، لە کاتێکدا ئەو بڕیارانەی لەسەر بنەمای یاسای نەتەوەکان دەردەچن، هیچ زەمانەتێکی نییە، تەنها سوودمەندبوونی ئەو لایەنە نەبێت کە ملکەچی دەکات بۆیان و تەنها ئەو کاتە ڕێزیان لێدەگرێت کە ئەو بڕیارانە هاوتا بێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خودی ئەو کەسانەی جێبەجێی دەکەن.»

Rousseau، The State of War (١٧٥٦-١٧٥٨).

پێم وایە هێشتا نووسینەکانی رۆسۆ شایستەی خوێندنەوەن.

**✱ ئەم بارودۆخەی دوای دامەزراندنی**



**دەوڵەتی بەناو ئیسلامی داعش ئەوە روون دەکاتەوە، کە دەوڵەتە شکستخواردووەکان توندوتیژی لەسەر بنەمای ئیتنی و ئایینی دروست دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی کۆمەڵکوژی، ئایا ئاشتی و پێکەوەژیان لە دەوڵەتە شکستخواردەکاندا دێتە ئاراوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە بۆ کەسێك کە شەش هەزار میل دوور دەژێیت تاوەکو وەڵامی بداتەوە، کە ئەو ئەزموونە ناخۆشانەی نەبینیوە کە خەڵکی ناوچەکە پێیدا تێپەڕیون و بینویانە. لەبەر ئەوە ناتوانم وا پیشانی بدەم کە وەڵامەکەی دەزانم. بەڵام پێموایە بە شێوەیەکی گشتی رۆژئاوا، یاخود هەر هێزێکی دەرەکی دەتوانێت هاوکار بێت بۆ بنیاتنانی ئاشتی و سەقامگیری بەڵام بە مەرجێك دانیشتووانە مەحەلییەکە بەڕاستی خوازیاری ئەوە بن و، ئەگەر باقی جیهان لێیان بگەڕێن خۆیان دوای ئامانجە جیوپۆلەتیکییەکانی خۆیان بکەون. تا ئەو کاتەی شیعە و سوننە، یاخود باوەڕدارانی ئایینەکانی دیکە شەڕ لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەوا ئاشتی دروست نابێت و نایەتەئاراوە. تەنانەت گەورە موفتی وڵاتی عەرەبستانی سعودیە رایگەیاند کە داعش «بە هیچ شێوەیەك بەشێك نییە لە ئیمان»، ئەوان بیدعەن، بەڵام چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە زیاتر لە قسەکردنی دەوێت. کورد بوونەتە نموونەیەکی پرشنگدار لە بارەی مانای راستەقینەی ئیسلامەوە، ئەویش کاتێك سەخاوەتمەندانە داڵدە و پەناگەیان بۆ ئاوارە ناموسڵمانەکان کردەوە. ئەم پرۆسەیە کاتی دەوێت، کوردەکانیش لە پێگەیەکی زۆر باشدان بۆ ئەوەی پێشەنگی ئەم هەوڵ و کۆششانە بکەن.

*** کورد بە درێژایی مێژووی خۆی ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید و بۆردومانی کیمیایی بۆتەوە لە زەمەنە جیاوازەکاندا، بەڵام دوای دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، کە بە داعش ناسراوە، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کوردی ئێزدی ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە، تەنها لەبەر ئەوەی ئەوان جیاوازن لە ئیسلام، هەروەها چەکدارانی داعش کچ و ئافرەتانی ئێزدی و مەسیحی دەبەن و دەیانفرۆشن، پرسیارەکە ئەوەیە: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست ئەم کارەساتە مرۆییەدا دەبێت چ هەڵوێستێکی هەبێت؟**

- پێموایە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا زۆربەی ئەم پرسیارەم وەڵام دایەوە. بردنی ئافرەتان و کچان و فرۆشتنیان وەك کۆیلە، بەو شێوەیەی کە داعش دەیکات بە ناوی فۆرمێکی تەواو شێواوی ئیسلامەوە، لادانێکە کە من وەك کەسێکی ناموسڵمان پێموایە، ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بمابایە و ئەو تاوانەی ببینیایە کە داعش کردوویەتی دەبووە هۆکاری ئەوەی بگرێیت و فرمێسك لە چاوی بێتەخوارێ.

لە رووی یاساییەوە، ئەمە دەوەستێتە سەر بارودۆخەکە: دەکرێت ئەمە فۆرمێکی ژینۆساید بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی. هەربۆیە پێویستە ئەوەندەی دەکرێت جیهان و هەروەها حکومەتی عێراقیش یارمەتی کورد بدەن، لەبەر ئەوەی ئەوان وەك هێڵی بەرگری یەکەمن کە دژی داعش شەڕ دەکەن. پێموایە حکومەتەکانی جیهان درك بەوە دەکەن. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە زۆرێك لە وڵاتە موسڵمانەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەچنە پاڵ ئەم هەوڵانە.

*** ئەگەر پرسیاری ئەوەتان لێ بکەین تا چ رادەیەك جیهان پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕووبەڕووی جینۆساید نەبێتەوە، وەڵامتان چی دەبێت؟**

ئەمە پرسیارێکی سیاسی زۆر قورس و هەستیارە کە تەنانەت ناتوانم هەوڵی ئەوە بدەم وەڵامی بدەمەوە، بە تایبەتی بە هۆی ئەوەی وەك کورد بارودۆخی جیوپۆلەتیکی ئێوە زۆر ئاڵۆزە و چوار وڵات تێوەگلاون لە پرسی ئەوەی ئایا دەبێت خاکی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لەم چەشنە کوێ بێت. هەرچۆنێك بێت، من دڵنیا نیم، لەوەی کە ئایا سەربەخۆییەکی لەم شێوەیە وەك پێویست لەو هێرشانە دەتانپارێزن، ئەو کەسانەی ژینۆساید ئەنجام دەدەن دڵیان سارد نابێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی کە دەبێت سنووری دەوڵەتێك ببڕن بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانیان، بە تایبەتی ئەگەر پاراستن و کۆنتڕۆڵکردنی ئەم سنوورانە کارێکی قورس بن.

**رۆژئاوا، یاخود هەر هێزێکی دەرەکی دەتوانێت هاوکار بێت بۆ بنیاتنانی ئاشتی و سەقامگیری بەڵام بە مەرجێک دانیشتووانە مەحەلییەکە بەڕاستی خوازیاری ئەوە بن**

**ئەو کەسانەی ژینۆساید ئەنجام دەدەن دڵیان سارد نابێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی کە دەبێت سنووری دەوڵەتێک ببڕن بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانیان، بە تایبەتی ئەگەر پاراستنی و کۆنترۆڵکردنی ئەم سنوورانە کارێکی قورس بن**

# ئابووری بازاڕ و
# ململانێی هاوسەنگی کەرتی تایبەت
# بنەمای دیموکراتی و سەروەری یاسایە





**بەبێ یاسایەک بۆ پاراستنی مافی کرێکار و زەمانەتی دابینکردنی پێداویستییەکانی، ناکرێت خەڵکی هان بدرێن کار لە کەرتی تایبەت بکەن**

وەرچەرخانی ئابووری لە ئابووریی دەوڵەتەوە بۆ ئابووریی بازاڕ و پرۆسەی بە تایبەتکردن و ململانێ، ستوونێکی دیار و گرنگی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوەن لە وڵاتانی دوای شەڕ، هەروەها لە پرۆسەی گواستنەوە لە سیستمی تۆتالیتارییەوە بەرەو بونیادی دیموکراتی، مێژووی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوەش لە سەدەی بیستەم ئەوەمان پیشاندەدا کە پرۆسەی سەرکەوتن لەم قۆناخە بەندە بە سەرکەوتنی پرۆسەی وەرچەرخانی ئابووری لە ئابووریی دەوڵەتەوە بۆ ئابووریی بازاڕ و ململانێ و بە تایبەتکردن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو وڵاتانەی لە پرۆسەی وەرچەرخانی ئابووری سەرکەوتوو بن، ئەوە دەردەکەوێت کە ژمارەی ئەو دەوڵەتانە هێجگار کەمن کە لەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بوون، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری کیشوەری ئاسیا بکەین، دەبینین بە دەیان دەوڵەت لە دوای پەنجاکانی سەدەی رابردوو بەم قۆناخە تێپەڕیون، بەڵام لەم ژمارە زۆرە تەنیا چەند دەوڵەتێك سەرکەوتوو بوون، وەك: (ژاپۆن، کۆریای باشوور، تایوان، سەنگافورا و تا رادەیەکی سنوورداریش مالیزیا)، لە سەر ئاستی ئەفریقیاش دەکرێت تەنیا ئاماژە بۆ بتسوانا بکرێت، لەسەر ئاستی ئەمریکای لاتینیش دەکرێت کۆستاریکا و بەم دواییە مەکسیك و تا رادەیەك ئۆرگوای ئاماژە پێبکەین. لە دوای ساڵانی نەوەدەکانیشەوە دەبینین لە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست هێندەی دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئەوروپا لە پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی سەرکەوتوو بوون، هێندەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشان سەرکەوتوو نەبوون، چاودێران هۆکاری سەرکەوتنی دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئەوروپا بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە ئەو دەوڵەتانە پێشتر ژێرخانێکی ئابووریی لیبراڵیزمیان هەبووە.

هەموو ئەمانە بەرەو ئەو راستییەمان دەبات، سەرکەوتن لە پرۆسەی وەرچەرخانی ئابووری لە ئابووریی دەوڵەتەوە بۆ ئابووریی بازاڕ، پێشمەرجی سەرکەوتنی قۆناخی راگواستنە بەرەو دیموکراتی. لێرەوە ئەو پرسیارە دێتەئاراوە: بۆچی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو پرۆسەی گواستنەوەی ئابووریی دەوڵەت بۆ ئابووریی بازاڕ ئاستی سەرکەوتنیان بە ئەندازەیەکی فراوان جیاواز بووە؟ تەنانەت چەند وڵاتێکی کەم لە ناو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو توانییان بەم سیاسەتە رێچکەی ئابوورییان بگۆڕن و توانای دامەزراو و دەزگاکانیان بەرز بکەنەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە سەرکەوتن لە پرۆسەی گواستنەوەی ئابووری بەرەنجامی بونیادنان و رێکخستنی دامەزراوەکانی دەوڵەتە، ئەمەش بەو مانایە راستە دەسەڵاتەکان خۆیان دامەزراوەکان بونیاد دەنێن، بەڵام هەر خودی دامەزراوەکانیش سنوور بۆ دەسەڵاتەکان دادەنێت و ململانێی ئابووریی بازاڕ رێکدەخات و سیاسەتی مەحسوبییەت و مەنسوبییەت دەگۆڕێت بۆ لێهاتوویی و لێوەشاوەیی و دانانی کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو. ئەوجا کاتێك دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لەم پرۆسە هەستیارەی وەرچەرخاندا لە پرۆسەی بونیادنان و رێکخستنەوەی دامەزراوەکان سەرکەوتوو نابن، زۆر جار پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان کۆپی دەکەنەوە، یان لاسایی وڵاتانی دیکە دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدانی توانای مرۆیی بایەخ پێبدەن، ئەوا دەرکەوتنی کەموکوڕییەکانی بەتایبەتکردن دەبێتە هۆکارێك بۆ شێواندنی پرۆسەی ئابووریی وڵات و ئاکامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیەش لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی بەتایبەتی لە پیرۆ و کۆلۆمبیا لە بری ئەوەی بە دوای گرفت و کەموکورتییەکانی پرۆسەی گواستنەوەی ئابووریدا بگەڕێن، ئەوا پرۆسەی ئابووریی دەوڵەتی، دیکتاتۆرێکی وەك بینۆشی لە پرۆسەی ئابووریی بازاڕی بە سەرکەوتووتر دەزانن و بانگێشە بۆ ئەوە دەکات سەرکەوتوویی ئابووریی چیلی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئابووری بینۆشی، نەك گواستنەوە لە ئابووریی دەوڵەتەوە بۆ ئابووریی بازاڕ، ئەمەش یەکێکە لەو سەرلێشێواوییەی لە ئاکامی شکستی پرۆسەی وەرچەرخانی ئابووری لە ئابووریی دەوڵەتەوە بۆ ئابووریی بازاڕ دێتە ئاراوە.

**زۆربەی کۆمپانیا و کارگە و دامەزراوەکانمان پەنا بۆ کرێکار و کارمەند و بگرە خەڵکی شارەزای بیانی دەبەن و گەنجەکانی خۆشمان بێکار ماونەتەوە**

دیارە هەر لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیەدا و لە پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان و دروستکردنی ململانێی و هاوسەنگی لە بازاڕدا، کە ئەمەش دەبێتە ئەو ژێرخانە پتەوەی زەمینە بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام و بنەماکانی بونیادی دیموکراسی دەڕەخسێنێت، زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین، ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی هەستیار و لەسەرخۆیە و پێویستی بەوەیە قۆناخ بە قۆناخ هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت و کاتێکی زۆری دەوێت! ئەم قسەیە ئەگەر بۆ سەدەی نۆزدەهەم کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەرخۆ و هێواش بووە، راست بووبێت، ئەوا بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیست و سەدەی بیست و یەك هەرگیز راست نییە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژێرخانی کەلتووری دیموکراتی و رۆشنبیری سەروەریی یاسا لە سەرکەوتنی بونیادنانی دامەزراوەکان و وەرچەرخانی ئابووری سەرچاوە دەگرێت، هۆکاری سادەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە مافی

خاوەنداریەتی تایبەت دەبێتە بنەما بۆ خاوەنداریەتی فیکر و ئازادی ڕادەربڕین، هەروەها دروستبوونی چینی ناوەند هۆکاری سەرەکی و گرنگە بۆ ژێرخانی سەروەریی یاسا لە وڵاتدا، ئەمە بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات بگەڕێینەوە بۆ ئەو ماوەیەی پرۆسەی بونیادنان و ڕێکخستنی دامەزراوەکان لە دوای نیوەی دووەمی سەدەمی بیستەمەوە پێویستی پێی بووە و چۆن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەگەر ئیرادە هەبێت، ئەو ماوەیە هێشتا کورتتر دەبێتەوە. هەر بۆ نموونە ئەم پرۆسەیە کە بۆ نزیکەی ١٨٠ ساڵ لە بەریتانیا سەرکەوتوو بووە، دەبینین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژاپۆن بە ٣٠ ساڵ بڕیویەتی و لە نیوەی دووەمی هەمان سەدە کۆریای باشوور بە ١١ ساڵ بڕیویەتی، بۆ ئێستاش کە قۆناخێکی نوێ لە کۆمپانیای فرەنەتەوە و مەرجەکانی بازرگانی جیهانی و ڕاسپاردەکانی بانکی نێودەوڵەتی هاتوونەتە ئاراوە، ئەوا نەك هەر لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنرێت، بەڵکو دەتوانرێت لە چەند ساڵێکدا مافی ئەندامیەتی لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی وەر بگرێت، بۆ ئێستای جیهانیش ئەندامیەتی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ئەگەر هاوتای ئەندامیەتی نەبێت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا هیچی کەمتر نییە. لەمەش گرنگتر ئەندامیەتی لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی سنووردار نەکراوە بە مافی ئەندامیەتی ئەو وڵاتە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر بۆ نموونە: تایوان ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، بەڵام ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییە، ئەمە لە کاتێکدا ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی سەدان ڕەخنەی توندی لەسەر کۆماری چینی میللی هەیە.

لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە کە پرۆسەی لاساییکردنەوە و کۆپیکردنەوەیە، مەترسییەکی هێجگار گەورە لە پرۆسەی گواستنەوەی ئابووری دروست دەکات، ئەمەش بەو مانایەی مەرج نییە سەرکەوتنی پرۆسەی گواستنەوەی ئابووری پەیوەست بێت بە پرۆسەی تایبەتکردنی وڵاتێك و دووبارە کۆپی کردنەوەی لە وڵاتێکی دیکە، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەی گواستنەوەی ئابووری، پرۆسەیەکە ڕەچاوی تایبەتمەندی وڵاتەکە دەکات و ئەوانەشی لە قۆناخی گواستنەوەی ئابووری سەرکردایەتی پرۆسەی پەرەپێدان دەکەن، گرنگە ڕەچاوی تایبەتمەندی وڵاتی خۆیان بکەن. هەر بۆ نموونە: لی کوان یو سەرۆکی سەنگافورا لە ساڵی ١٩٥٩ – ١٩٩٠ سەرۆك وەزیرانی سەنگافورا بووە و لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا لە ٣٠ ساڵدا) ئاماژەی بەوە کردووە، لەسەرەتاوە کە دەستی بە پرۆسەی بوینادنانەوەی دەوڵەت کردووە، ویستوویەتی «لاسایی هۆنگ کۆنگ» بکاتەوە، بەڵام پاشگەز بووتەوە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «سەیرم کرد، لە هۆنگ کۆنگ ڕێژەی باجدان زۆرە و گەلەکەی من بەرگەی ناگرێت، دیسان ویستم لاسایی وڵاتانی ئەسکەندنافی بکەمەوە، سەیرم کرد پیادەکردنی سۆشیال گەلەکەم تەمەڵ دەکات، بۆیە هاتم بۆ خۆم سیستمێکم بەپێی تایبەتمەندی وڵاتی خۆم دارشت و هەرخۆم کتێبی ئاوەدانکردنەوەی سەنگافورەم نووسی».

ئەم قسەیە لی کوان یو، وانەیەکی گەورەیە نەك بۆ سەنگافورا، بەڵکو بۆ پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە لە هەموو جیهان و لە خۆڕا نییە کە هیلمۆت کۆڵ ئەو ڕاوێژکارەی هەردوو ئەڵمانیای کردەوە بە یەك، لەسەر کتێبەکەی سەرکەوتنی سەنگافورا نووسیویەتی: لی کوان یو، وانەیەکی تازەی لە بونیادنانەوەی نەتەوە و دەوڵەت فێر کردین.

ئەمە فێرمان دەکات بەوەی بانگەشەکارانی بەتایبەتکردنی ڕەهاو تەنانەت سنووردارکراویش لەناو حکومەت پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ئایا ئەوان تا چەند لە پرۆسەی بەتایبەتکردن تێگەیشتوون؟ ئایا پیرۆزکردنی بەتایبەتکردن تێڕوانینی زۆرینەی خەڵکی ئاسایی گۆڕی، بەوەی ڕێچکەی ئابووری بەرەو ئابووریی بازاڕ ببەین؟ بێگومان وەڵامەکە بە نەخێرە، لەبەر ئەوەی کەموکورتییەکانی پرۆسەی گواستنەوەی ئابووری لە ئابووریی دەوڵەتیەوە بۆ ئابووریی بازاڕ و ململانێی کەرتی تایبەت وەك پێویست سەرکەوتوو نەبووە، هۆکاری ئەو سەرنەکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە پلەی یەکەم ئەم وەرچەرخانە نەیتوانیوە سیستمێکی باجی ڕێکوپێکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت، بەوەی ئەو سیستمی باجە ببێتە هۆکارێك کە لە بری ئەوەی هاووڵاتیان فەرمانبەری حکومەت بن، حکومەت بکاتە فەرمانبەری هاووڵاتی، لە بری ئەوەی وەك ئێستا هەموو هاووڵاتییەك چاوی لەوەیە حکومەت بەخێوی بکات، ئەوکات حکومەت چاوی لە باجدانی هاووڵاتی دەبوو، هاووڵاتیش خۆی حکومەتی خۆی بەخێو دەکرد.

ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات لە کاتێکدا پرۆسەی وەرچەرخانی ئابووری بۆ ئابووریی بازاڕ و ململانێی کەرتی تایبەت نەیتوانیبێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ هەلی کار و بەخیوکردنی حکومەت، ئایا لۆژیك لە وەرچەرخانی ئابووریی دەوڵەت بۆ ئابووریی بازاڕ و بە

**پزیشکێک ئامادەیە لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لە ماوەی یەک دوو کاتژمێر نەشتەرگەرییەکت بۆ ئەنجام بدات، بەڵام بە دەیان پاساوی جۆراوجۆر لە جێبەجێکردنی نەشتەرگەرییەکە لە نەخۆشخانەی حکوومی خۆی دەدزێتەوە**

**بەتایبەتکردن لەهەموو کەرتەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوەو دیراسەی ئابووری هەیە، هەروەها باشترە ڕێکخراوە پێوەندیدارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو دیراسەتانە لەئەستۆ بگرن، بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستی کە ئەم دوو کەرتە زۆر هەستیارن**

تایبەتکردن چییە؟

لە کاتێکدا حکومەت سیستمی باجێکی ئەوتۆی نەبێت کە بتوانێت خۆی لەسەری رابوەستێت، ئایا سەرچاوەکانی ئابووری لە بەردەستی دەوڵەت بن لە بەتایبەتکردن باشتر نین؟ ئایـــا ئەمە هەمان دووبارەکردنەوەی قســـەکانی هاووڵاتییانی پیـــرۆ و کۆلۆمبیا نیـــن، کە ئەوانیش ئابووریی دەوڵەتی سەردەمی بینۆشی لە وەرچەرخانی ئابووری و بەتایبەتکردنی ئێســـتای ئەو دوو وڵاتە بە باشتر دەزانن؟

زۆر جاران لەمیان هەوراز و نشـــێوەکانی ئەم پرۆسە قورســـەی وەرچەرخاندا، چۆن پرۆســـەی وەرچەرخان لەسەرەتا بە تایبەتکردن دەست پێدەکات، لە هەمانکاتدا کاتێك ئەم بە تایبەتکردنە ئامانجەکەی خۆی ناپێکێت، ئەوا پرۆسەی گێڕانەوە بۆ کەرتی گشتی دووبارە پەنای بۆ براوەتەوە، هەر بۆ نموونە: لە ســـەرەتای پرۆســـەی بونیادنەوەی کۆریای باشوور هێڵی ئاسن کەرتی تایبەت بوو، بەڵام پـــارك چانگ ئەمەی گێڕایەوە بۆ کەرتی گشـــتی، هەروەها مارگرێت تاتچەر کە بە گەورەترین ســـەرکردەی جیهان دەناسرێت لە بواری بەتایبەتکردنی هەمـــوو کەرتی گشـــتی بۆ کەرتی تایبـــەت، بەڵام کۆمپانیای دروســـتکردنی کەشـــتی شـــاهانەی لە چوارچێوەی کەرتی گشـــتی هێشتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە وەرچەرخانی ئابووری لە ئابووریی دەوڵەتەوە بۆ ئابووریی بازاڕ، پرۆســـەیەکی بێگیانی یەك ئاراســـتە نییە کە بە تەنیا گۆڕینی کەرتی گشتی بێت بۆ کەرتی تایبەت، بەڵکو پرۆسیەکی دینامیکییە و زۆرجار لە هەوراز و نشـــێوەکانی ئەم پرۆسە هەستیارە ئەو ئەو

لایانەنەی پرۆســـەکە لە چوارچێـــوەی کەرتی تایبەت ســـەرکەوتوو نەبوون، بگێڕینەوە بۆ کەرتی گشتی کە لەوانەیە ئەم گێڕانەوەیە بەشـــێوەیەکی کاتی بێت، هەتا ژێرخانێکی پتەوی بۆ دروست دەکرێت.

ئەگـــەر لێرەدا هەر بـــۆ نموونە ئامـــاژە بە کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بکەین، کە بە بەردی بناخـــەی ئابووریی کوردســـتان هەژمـــار دەکرێت، بە ئاشکرا هەســـتدەکرێت، پرۆسەی وەبەرهێنان لەم کەرتە لاوازە، هۆکاری لاوازییەکەی ئەوەیە لەم کەرتەدا قازانج وەك کەرتی نیشـــتەجێ و تەنانەت نەوتیش خێرا نییە، بۆیە کەمتر ســـەرمایە لەلایەن کەرتـــی تایبەتەوە لە کەرتی کشتوکاڵ خەرج دەکرێت، بۆیە ئەگەر هاندەری گەورەش دروست بکەین و ئاسانکاری زۆر گەورەش بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتە فەراهەم بکرێت، لەوانەیە پرۆسەکە بەو ئاستە سەرکەوتوو نەبێت کە ئومێدی بۆ دەخوازرێت، راشـــکاوانەتر لەوانەیە نەتوانێت کەرتی کشتوکاڵ ببێتە سەرچاوەیەك بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆ، بۆیـــە لـــەم کاتـــەدا زۆر گرنگە کەرتی کشـــتوکاڵ راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، ئـــەم کەرتە بکاتە ســـەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کار و لەهەمانکاتدا پڕکردنەوەی پێداویســـتییەکانی ناوخۆ، بەڵام بە جەختکردنەوەمان لەسەر ئەوەی تەنها دەبێت بە تایبەت بکرێت و تایبەتکردن نەبێت نابینە دیموکراتی، ئـــەوا ئـــەم حاڵەتە دەبێتـــە هۆکارێك بۆ ئاســـتەنگ دروســـتکردن و دواخســـتنی وەرچەرخان و سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان.

**ئەم وەرچەرخانە نەیتوانیوە سیستمێکی باجی رێکوپێکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت، بەوەی ئەو سیستمی باجە ببێتە هۆکارێک کە لە بری ئەوەی هاووڵاتیان فەرمانبەری حکومەت بن، حکومەت بکاتە فەرمانبەری هاووڵاتی**





محەمەد کەریم شارەزا لە ئابووری و وەبەرهێنان:

# بەتایبەتکردن بە تیۆرە تەقلیدییەکانی ئابووری جێبەجێ ناکرێت

**بۆ گفتوگۆکردن لەسەر سیستەمی ئابووری و ئاستی سەرکەوتنی گواستنەوەی موڵکیەتی کەرتی گشتی بۆ تایبەت، محەمەد کەریم شارەزا لە بواری ئابووری بەشی وەبەرهێنان بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

«لەم سەردەمەدا ناکرێت دیموکراسیەتی سیاسی لە دیموکراسیەتی ئابووری دابڕێت، هەردوو دیموکراسیەتەکە تەواوکەری یەکترن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە دیموکراسیەتی ئابووری ئازادییەکی تەواو رەهای هەیە و کۆت و بەندی لەسەر نییە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە سالآنی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە زۆر لە تیۆرە کلاسیکییەکانی ئابووری پێداچوونەوەی تێدا کرا، راستە لە دیموکراسیەتی ئابووریدا فاکتەرەکانی بازاڕ خۆیان کار دەکەن، بەڵام بە ئازادیەکی رەها نا، چونکە ئەو دەوڵەتە تازەپێگەیشتووانەی کە لە قۆناغی وەرچەرخانە ئابوورییەکاندان، بە هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا و بە ستانداردێکی مێژوویی شۆڕشی پیشەسازی و رۆشنبیری نەرۆیشتوون، بەڵکو ئەم وڵاتە تازەپێگەیشتووانە زۆربەیان بە قۆناغەکانی کۆلۆنیاڵیزم تێپەڕیون و تا ئێستاش نێگەتیڤانە لە هەیکەلبەندی ئابوورییان رەنگی داوەتەوە، هەر بۆیە دیموکراسیەتی ئابووری لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا ناتوانێت هەمان ئەو ئامانجانە بپێکێت کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەدیهێناوە. حکومەتەکانی وڵاتانی دواکەوتوو، یان تازەپێگەیشتوو بە ناچاری گەڕانەوە سەر حکومەتی دەستێوەردانی ئابووری، بەڵام دەستێوەردانێکی بە بەرنامە و پلانێکی ئاراستەکراو، نەك پلانێکی مەرکەزی. واقیعی ئابووریی هەرێمی کوردستانیش کە لە رووی ئابوورییەوە راستە سەربەخۆییەکی کەمی هەیە، بەڵام تا رادەیەکی باش سەربەخۆیی کارگێڕیمان هەیە و زۆر بڕیار و یاساش لە ژێر رکێڤی دەسەڵاتی کوردی خۆیدایە، هەر بۆیە ناکرێت بڵێین ئابووری کوردستان لە هەموو رووەکانەوە پاشکەوتەی ئابووری عێراقە، بەڵکو تا ئاستێکی باش سەربەخۆییمان هەیە و زۆر مۆرکی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی وەرگرتووە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لە دارشتنەوەی ئابووریدا پرۆڤیشناڵانە کاری نەکردووە، بۆیە لەم قۆناخەدا گرنگە لە دارشتنەوەی سیاسەتی ئابووری، تایبەتمەندی وڵات و بەرژەوەندی گشتی بکاتە دووخاڵی گرنگی ئەم سیاسەتە ئابوورییە، هەروەها بۆ چارەسەری کەموکورتییەکانیش تێڕوانینی وا هەبوو گەربێتوو کۆمپانیایەکی بیانی، یا شارەزای ئابووری لە وڵاتانی دەرەوە بهێنێت، گرفت و کێشە ئابوورییەکانی بۆ چارەسەر دەکات، کە لە راستیدا نەك هەروا دەرنەچوو، بەڵکو تەنانەت کادیرێکی لۆکاڵی ئاسایی خۆمان باشتر لە گرفت و کەموکورتییەکان تێگەیشتووە و دوورتر و روناکبیرانەتر دەڕوانێتە ئاینده، بۆ نموونە: لەکاتی دانانی پلانێك بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ ئەو کۆمپانیا بیانی و شارەزایانە نازانن بیرکردنەوەی جووتیارێکی کورد چۆنە و چەند کاتژمێر دەتوانێت کار بکات و دۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەکانی کوردستان چۆنە، هەڵسەنگاندنی راست و دروستی ئەم بوارانە بۆ سەرکەوتنی بەرنامەو پڕۆژەکان زۆر زەرووره، هەر بۆیە لەکاتی جێبەجێکردنی بەرنامەو پلانەکەدا کارەکە سەرکەوتوو نابێت. لەم دۆخەدا پێویست بەوە دەکات، حکومەت سیاسەتی دەستێوەردانی ئاراستەکراو جێبەجێ بکات و ئەوی دی بۆ کەرتی تایبەت بەجێبهێڵێت، بەڵام ئەرکی حکومەت بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەر دەمێنێت، بۆ نموونە: گەشەپێدانی مرۆیی کە زیاتر لە کەرتی تەندروستی و پەروەردە خۆی دەبینێتەوە، بۆ کەرتی تایبەت بەجێناهێڵێت، یان جومگە سەرەکییەکانی ئابووری لە نەوت و سامانە سرووشتییەکان و لایەنی سەربازی و ئاسایش ناخرێنە ناو پرۆسەی بەتایبەتکردنەوە. ئابووریی بازاڕ ئەو ئابوورییەیە کە دەخرێتە ژێر رکێڤی پلانێکی ئاراستەکراو و فاکتەرەکانی ئابووری بەجێدەهێڵدرێت بازاڕ بەڕێوە ببەن، لەهەر شوێنێك و بڕگەیەکیشدا کەموکورتی هەبێت، حکومەت راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستێوەردانی پۆزەتیڤانە دەکات بۆ چارەسەرکردنی و گەڕانەوەی رێچکەی ئابووری بۆ دۆخی سروشتی و ئاسایی خۆی».



د.ئازاد شکور شارەزا لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان:

# لە مێژووی ئابووریی عێراقدا بە تایبەتکردن بۆ خۆدزینەوە بووە لە کەموکورتییەکان، نەک چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان

**لەم دۆخەدا کە کەرتی تایبەت خۆی بەشـێکە لەو کەموکورتییانەی کە بەرۆکی ئابووریی کوردستانی گرتووە، ناکرێت لە واقیعێکی وادا زۆر لە جومگە سـەرەکیەکانی ئابووری و بوارەکانی گەشـەپێدانی مرۆیی بەتایبەت بکرێت. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە زۆر بواردا کەرتی تایبەت سەرکەوتوو نەبوو. بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە حکومەتی هەرێم دەسـتبەرداری دیموکراتیەتی ئابووری و گەیشـتن بە قۆناغی ئابووریی بازاڕ بووە، بەڵکو پێویسـتی بە دووبارە ڕێکخسـتنەوەی هەیکەلبەندیی ئابووری و دووبارە پێناسـەکردنەوەی کەرتی تایبەت هەیە. سەبارەت بەم لایەنە دکتۆر ئازاد شوکر شارەزا لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان بە مجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

«بەتایبەتکردن گواستنەوەی موڵکیەتی کەرتی گشتییە بـۆ کەرتی تایبەت و کردارێکی نوێـش نییە، بەڵکو وەکو مۆدێلێکە لە قۆناغە مێژووییەکاندا جێبەجێکراوە، راسـتە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە عێراق بەگشتی و لە کوردستانیش پرۆسـەی بەتایبەتکردن دەستی پێکرد، بەڵام پێشتریش لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکان ئەم مۆدێلە ئابوورییە پێڕەو کراوە، بۆ نموونە لە شـاری هەولێر بانکی ئێرانی و تورکی و هیندی هەبوو، تەنانەت لە عێراقدا پێش سـاڵانی خۆماڵیکردنی نەوت چەندین کۆمپانیای بیانی گەورەی پێترۆڵی هەبوون، لەساڵی ١٩٦٤ دوو یاسا دەرچوو، بۆ بە گشتیکردنی بانکەکان و دواتر لە ساڵی ١٩٧٢ کەرتی نەوت خۆماڵی کرا، واتا بەرەو بەگشتیکردن رۆیشت، ئێستا بەپێچەوانەوە باس لە بەتایبەتکردنی کەرتی گشتی دەکرێت و، لە زۆربەی بوارەکانیشـدا جێبەجێکـراوە. واتا هەموو سـەدەیەك هەیکەلی ئابووری و پێناسەی دامەزراوەکان بۆ چەند جارێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەمەش ئاساییە،

بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە، ئەو گۆڕانکارییە ئابوورییانەن لەسیاسەتی ئابووریی عێراقدا کە بەبێ بەرنامە بووە و تەنیا ویست و خواستێکی سیاسییانە، یان شەخسی، یان بۆ خۆدەربازکردن لە کەموکورتییە ئابوورییەکان بووە، کەواتە بەتایبەتکردن لە قۆناغە مێژووییەکانی ئابووری عێراقدا تەنیا بۆ دەربازبوونێکی رووکەش بووە لە کەموکورتیی ئابووری، نەك چارەسەرکردنی گرفتەکان.

ئاڵوگۆڕکردنی کەرتی گشتی و تایبەت کردارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، کە تەنیا بەپێی ویست و خواستی کەسەکان بێت، ئەو وڵاتانەی بەبێ دیراسەکردنی ورد ئەم کردارەیان جێبەجێکردووە، تووشی گرفت و کێشەی زۆر گەورە بوون و دۆخی ئابووریی گشتی وڵاتیان تێکداوە. لەبەر ئەوەی بەتایبەتکردن لەهەموو کەرتەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوەو دیراسەی ئابووری هەیە، هەروەها باشترە رێکخراوە پێوەندیدارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو دیراسەتانە لەئەستۆ بگرن، بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستی کە ئەم دوو کەرتە زۆر هەستیارن، تەنانەت ئەگەر بێتوو بەرەو بەتایبەتکردنێکی سنوورداریش ببرێن، مەترسیدار دەبێت، چونکە هەموو تاك و خێزانێك پێوەندی راستەوخۆیان بەو دوو کەرتەوە هەیە. هەر بۆ نموونە: وڵاتانی کەنداو کە زۆر لەپێش ئێمەوەن، ئەوان نەچوون بەتایبەتکردن لەو دوو کەرتە ئەنجام بدەن. من ناڵێم هەر بەتایبەتکردن لە پەروەردەو تەندروستی نەکرێت، بەڵام زۆر لەسەرخۆ و بە بەرنامەداڕێژراوی، با چەندین ساڵی پێ بچێت، لەوە باشترە سبەی بەشیمان ببینەوە. با ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین: کێ لە نەخۆشخانەکانی ئەهلی و قوتابخانە تایبەتەکان رازییە، چ لە رووی نرخەوە بێت، یان لە رووی کوالێتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە بێت؟ بگرە زیانی بە قوتابخانە و نەخۆشخانە حکوومییەکانیش گەیاندووە، چونکە ئێمە بەپێی پێویست پسپۆڕ و پزیشك و کادیری بەتوانامان نەبوو، ئەوەتا پزیشکێك ئامادەیە لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لە ماوەی یەك دوو کاتژمێر نەشتەرگەرییەکت بۆ ئەنجام بدات، بەڵام بە دەیان پاساوی جۆراوجۆر لە جێبەجێکردنی نەشتەرگەرییەکە لە نەخۆشخانەی حکوومی خۆی دەدزێتەوە. منداڵەکانمان لە قوتابخانە ئەهلییەکان بە بیانووی فێربوونی زمانە بیانییەکانی دیکە، زمانی دایکییان لەبیر دەبەنەوە، بەمەش زیان لە ئینتماو بوارە نەتەوەییەکەیان دەگەیەنن، مامۆستاو پزیشکە پرۆڤیشناڵە بەتواناکان روویان لە کەرتی تایبەت کردووە و زیان بە کەرتی گشتی دەگەیەندرێت، چونکە بەو رێژەیە خاوەنی مامۆستای بەتواناو شارەزا نین، تاوەکو لەسەر حسابی قوتابخانە حکوومییەکان نەبێت. نموونەیەکی دیکە با سەیری ژاپۆن بکەین، ژاپۆن پێش ١٠ ساڵ کەرتی پۆستەی بەتایبەت کرد، واتا لە ماوەی سەدەیەکدا پرۆسەی بەتایبەتکردنەکەی جێبەجێ کرد .

بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بەتایبەتکردن چەندین هەنگاو هەیە کە پێش دەستپێکردنی پرۆسەکە دەبێت زەمینەی بۆ خۆش بکرێت، من دژی پشێوی بازاڕ و بەرەڵاکردنی نرخەکانم. ئابووریی بازاڕ وەکو شانۆگەرییەك وایە هەموو ئەکتەرەکان رۆڵی خۆیانی تیا دەگێڕن و تێکچوونی کاری هەر یەکێك لە ئەکتەرکان زیان بەوەی دی دەگەیەنێت، حکومەت رۆڵی چاودێریی و بەدواداچوون و لێپرسینەوەو هەندێکجار دەستێوەردان و راستکردنەوەی دۆخەکەی لەئەستۆیە، کەرتی تایبەتیش بەڕێوەبردنی ئابووری و رێکخستنی بازاڕی لەسەرە بەو فاکتەر و پرەنسیپ و بڕیار و یاسایانەی هەیە.

یەکێك لەو خاڵانەی هانی بەتایبەتکردن دەدات، کەمکردنەوەی تێچوونی کرێی کرێکارە، بەڵام بەبێ یاسایەك بۆ پاراستنی مافی کرێکار و زەمانەتی دابینکردنی پێداویستییەکان و چارەنووسی، ناکرێت خەڵکی هان بدرێن کار لە کەرتی تایبەت بکەن، هەر ئەمەشە وایکردووە زۆربەی کۆمپانیا و کارگە و دامەزراوەکانمان پەنا بۆ کرێکار و کارمەند و بگرە خەڵکی شارەزای بیانی ببەن و گەنجەکانی خۆشمان بێکار ماونەتەوە. شارەزایی و تێگەیشتن لە بەتایبەتکردن کارێکی هەر وائاسان نییە، لە کاتێکدا لە وڵاتی ئێمەدا هێشتا لە (BOT) تێنەگەیشتووین، کە جێبەجێکردنی پرۆژەکانە لە رێگەی وەبەرهێنانەوەو دواتر بەپێی گرێبەستێك بۆ ماوەی ٢٠ تا ٢٥ ساڵ لە وەبەرهێنەرەکە وەردەگیرێتەوە.»





# لە بارەی سنوورەوە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

لە جیهانی گلۆبالیزەیشندا کە جیهانێکە بە گوندێکی بچووک ناوزەد دەکرێت، ەهەندەکانی لە کەمی دەدەن و شێوازەکانی ژیان تێیدا هەمەچەشنی بەسەر شتەکاندا باڵدەکێشێت و یەک کەلتووری یەکگرتووانە زاڵدەست دەبێت و هەوڵ دەدات جیاوازییەکان نەهێڵێت و تایبەتمەندییەکان لە ناو ببات، ئیتر لەمانەدا سنوور رەت دەکاتەوە.

کەلتووره لۆکاڵییەکان کاردەکەن تا جۆرێک لە راچڵەکین پیشان بدەن و میتۆدێکی پێچەوانەیی بگرنەبەر، کەواتە بە لامانەوە هیچ سەیر نەبێت، لە جیهانێکی گلۆبالیزەیشندا فرەناسنامەیی کەلتووری زیاتر بن و لە هەوڵیشدا بن بۆ ئەوەی کیانی کۆگەلانەی ئایینی و تایەفەگەری و ئیتنی تێدا بێنە حاڵەتی خۆسەلماندن. لە ئاکامی ئەمەوە چەمکی سنوور مانایەکی

دووســـەرانە لە خۆدەگرێت، ئەگەر نەشڵێین جۆرێك لە گومـــان و ڕاڕایی تێدایە، لـــە لایەکەوە وا دەردەکەوێت کە ســـنوور هەموو مانایەکی لەدەســـت دابێت، یان بە لایەنی کەمەوە گرنگییەکـــی ئەوتۆی بۆ نەمابێتەوە، لەولاشەوە دەستگرتن بە سنوورەوە بەرگرتنە لە کشانی جیهانگەرایـــی، بەئاشـــکراش دەســـتپێوەگرتنی ئەو بنەمایانەیە کە تایبەتمەندییەکان دیاری دەکەن.

لە لایەکی دیکەیشەوە بەو شێوەیە لە سنوور دەڕوانرێت، نەك وەك ئەوەی جیادەکاتەوە، یان دیاری دەکات، بەڵکو وەك ئـــەوەی ناوبڕ دابنێت و دیاریشـــی بکات، کەواتە بەو شێوەیە کە پێویســـتە لێی لابدەین: لە جیهانێکدا کە بەلایەنـــی کەمەوە جیهانێکە بووەتە شـــانۆیەك بۆ کۆگەلی و باڵباڵێـــن، جیهانێکە هەر بە پڕتاو کۆمەڵە بێ ســـنوورەکان تێیدا هەڵدەتۆقێن، یـــان کۆمەڵگەی مەدەنی تێیدا دەردەکەوت کە لە هەوڵدا بوون سنوورەکان ببـــڕن و دیوارەکان بســـمن، بۆ ئەوەی شـــتێك بەرهەم بهێنن کە تا ئێستا حکومەتەکان نەیانتوانیوە بەرهەمی بهێنن. لە جیهانێکدا کە ئەمە حاڵی بێت، وا پێویســـتە تەماشای ســـنوور بکرێت، وەك ئەوەی سنووردانانێکە بۆ بەردەوامیبوون و تێهەڵکێشـــبوون و هاوشان بوون، بە واتایەکی دی وەك ئەوەی بەربەست و تەگەرە بن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ســـنوور بە پێچەوانەوە دەروازەیەکە پێویستە لێوەی دەربچیتە دەرەوە، وەك دەستنیشانی خود دەکات و سنوورداریشـــی دەکات و لەوانی دی جودای بکاتەوەو هاوکات پێیانەوەت ببەستێتەوە. ئەم واتا ڕاڕا و گوماناوییـــە لە ڕووی دەروونییەوە لێی دڵنیا دەبین کە بمانەوێت ســـنوور ببڕین. سنوور ئەو خاڵەیە کە هەست بکەین ئێمە نیشـــتمان و ماڵی خۆمـــان بەجێدەهێڵین بۆ ئەوەی بـــە ڕووی دەرەوەدا بکرێینەوە، نیگەرانییەك یەخەمان دەگرێت، بەوەی هەر ســـاتەوەختێك بێت، ئێمە دەکەوینە بەردەم ونبوون و پەرتەوازەیی، دەکەوینە بەردەم ونبوون کە ناســـنامەمان بســـەلمێنێت، بۆیە جۆرێك لە نیگەرانـــی و بێ متمانەیی و گومان خســـتنە ســـەر پاسپۆرتی ناساندنمان دەکەوێتەوە، یان بە لایەنی کەمەوە ئەگـــەری زۆر هەبێـــت بۆ ونبوونی پاســـپۆرت، بۆیە ترســـێکمان لێ دەنیشـــێت بەوەی هەڵەیەك لە هەڵەکان ئەنجـــام نەدەین، هەر هەوڵێك بۆ پەڕینەوە لە ســـنوور بریتییە لە مەینەتییەك بۆ شوناس و تاقیکردنەوەکانی، هەڵســـەنگاندنێکە بۆ ئاستی ڕەزامەندیی بەرامبەرمان لەسەر ئێمە، یان بتوانێت پێشوازیمان لێ بکات.

وێڕای ئەوەش ئەو خەسڵەتەی ســـنوور جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە ســـنوور بریتـــی نییە لە دیـــواری داخراو، بەڵکو کرانەوەیە بەڕووی دەرەوەدا، ئەگەر بەو شـــێوەیە بێت ســـنوور نە شـــت جودا دەکاتەوەو نە لێکدادەبڕێت، بەڵکو جەمســـەرەکان دەردەخات، تا لێکیان ببەستێتەوە، لـــە کاتێکدا دروســـتکردنی دیـــوار دەلالەتە لەســـەر نەتوانینـــی کەلتوور لەســـەر دانپێدانانـــی ئەوی ترو لەپاڵدا نیشـــتەجێبوون لە تەکیدا، سنوور بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، شتێکە ڕێدەدات بە پێکگەیشتنی ئەوی دی، بەڵام دیـــوار بە ڕووی ئەوانی دیکەدا هەموو پەنجەرەو کەلێـــن و قاپییەکان دادەخات، بەڵام ســـنوور بۆ خۆی سنوورە، کە بە هۆیەوە دان بەوی دیکەدا دەنێت. سنوور بەرهەمـــی ڕێکەوتننامەیەکە، یـــان بەلایەنی کەمەوە دروستبووی پاش دانوستانێکە، دەزانین کە بەستراوەتەوە بە لەدایکبوونی دەوڵەتی هاوچەرخ وەك ئەو دەوڵەتانەی لـــە ئەوروپـــادا لە نێوان ســـەدەکانی ســـێزدەو چواردە پێکهاتن، سنوور لە سەرەتای دروستبوونیەوە بریتییە لە دادن بەیەکدا دانان، بەڵام دیوارەکان بەبێ ڕەزامەندیی و لە دژی بەرانبەر هەڵدەچنرێت، تەنانەت دژی خودیش بونیاد دەنرێت، ئەمە وایکرد دیواری بەرلین تا ســـاڵی ١٩٨٩ بە پێـــوە بمێنێتەوە، ئەو دیـــوارە بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنەژوورەوەی بێگانـــان نەبوو، بەڵکو بۆ نەچوونە دەرەوەی هاووڵاتیان دروستکرا بوو، ئامانجی ئەوە نەبووە زات بپارێزێت، بەڵکو ئامانجی گەمارۆدانی خود بووە.

بە پێچەوانەی ئەمەوە ســـنوور بـــۆ گەمارۆدانی خود دانارێژرێت، بەڵکو بۆ چەسپاندنی و دیاریکردنی ئەوی دیکەیە، بۆ میوانداریکردنی ئەوی دی پێویستە کە جێ و ڕێم هەبێت و ماڵم هەبێـــت، دەرگای ماڵەکەمی بۆ بکەمەوە، بەڵام دەزانم کە ئەوە مافی من نییە،، کاتێك سنوور دەبڕم و دەچمە ناو سنووری ماڵی ئەوی دیکەوە، ئەوە ڕابگەیەنم کە من لە ناو ماڵی خۆمدام، بەم شێوەیە و لەم حاڵەتەدا دەبمە ئاوەدانکەرەوەیەك. داگیرکاریی تەنیا تێکەڵییەك بوو لە نێوان ســـنووردانان و ڕەتکردنەوەی، بڕیارێکـــی داگیرکار بوو بەوەی خـــۆی لە ناو ماڵی خۆیدایە، جا لەهەر شـــوێنێك بێت، ڕەتکردنەوەی ئەوی دی بوو بە خود و شـــوێنەکەیەوە. بەو شـــێوەیە ئەوەی سنوور جیادەکاتەوە بەو گومانانەی هەمانە، وێڕای ئەو مانا شـــاراوە سلبییانەی پێوەی لکاوە، تەنیا ئەوە بەسە کە لە دژی دیـــوارەکان بمانکوتێت، چونکە جیهان بە بێ ســـنوور هیچی لێ دەرناچێت لە بیابانێك زیاتر کە تیلمەگڵەکانی هاوشێوەی یەکترن، هەموو شتێك کە بە تەنیا بێت، ئەوا تێیدا ون دەبێت، جیاوازی تێدا دەمێنێت، تا یەکلابوونەوەی ســـادەو ڕتووشکراوی تێدا گشتگیر بکرێت.

* بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات

**سنوور لە سەرەتای دروستبوونیەوە بریتییە لە دادن پێدا دانان بە یەکتردا، بەڵام دیوارەکان بەبێ ڕەزامەندی و لە دژی بەرانبەر هەڵدەچنرێن، تەنانەت دژی خودیش بونیاد دەنرێن**

**لە جیهانێکدا کە وەک گوندێکی بچکۆلەکەیە، جیهان بووەتە شانۆیەک بۆ کۆگەلی و باڵباڵێن، هەر بە پڕتاو کۆمەڵە بێ سنوورەکان تێیدا دەردەکەون، کۆمەڵگەی مەدەنیشی تێیدا دادەمەزرێن، هەموان لە هەوڵدان سنوورەکان ببڕن و دیوارەکان بسمن بۆ ئەوەی شتێک بەرهەم بهێنن کە حکومەتەکان نەیانتوانیوە بەرهەمی بهێنن**

**سنوور نە شت جودا دەکاتەوە و نە لێکی دادەبڕێ، بەڵکو جەمسەرەکان دەردەخات، تا لێکیان ببەستێتەوە، لە کاتێکدا دروستکردنی دیوار دەلالەتە لەسەر بێتوانایی کەلتوور لەسەر دان دانان بەوی دیکەدا و نیشتەجێبوون لەتەکیدا**